ئەریستۆ

# شیعر

(پۆیەتیکا)

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

د. محەمەد کەمال

2009

سەرچاوە:

Aristotle, “Poetics”, in *The Complete Works of Aristotle*, (ed.) Jonathan Barnes, vol. 2, the revised Oxford translation, Princeton: Princeton, University Press, 1995.

# پێشەکی

ئەریستۆ یەکەم فەیلەسوف نیە لەسەر شیعری نوسیبێت. لەپێش ئەودا، ئەفلاتون لە دایەلۆگی (ئێون) و (کۆمار) دا باسی شیعری کردووە. لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونە مێتافیزیکی و ڕامیارییەکانیدا، لە بنەڕەت و چۆنیەتی ئەم جۆرە هونەرەی کۆڵیوەتەوە و بە (لاسایی کردنەوە) پیناسی کردووە. بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت ئەم توێژینەوەیەی ئەریستۆ لەسەر شیعر یان هونەری هۆنینەوە یەکەم نوسینی ئەکادیمییە. ئەفلاتون ئەو دوو دایەلۆگەی بۆ شیعر تەرخان نەکردووە و بۆ مەبەستی خۆی ئاماژەی بۆکردووە. چەمکی (پۆیەتیکا)، کە ناونیشانی ئەم نوسراوەیە، بە دوو شێوە بەکارهاتوە. بە شێوەیەکی گشتی هەموو جۆرەکانی هونەر، وەکو هونەری شێوەکاری و مۆسیقا و شانۆگەری و سەما دەگرێتەوە. بە شێوەیەکی تایبەتیش واتای شیعر دەبەخشێت. شیعر لە کۆنەوە لای یۆنانییەکان بۆ فەلسەفە و شانۆگەری ناوەندی دەربڕین بووە. پارمەنیدس (لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی پێش زایینداژیاوە) و ئیپمادۆکلیس (495–435 پ ز) بە شیعر بۆچوونە فەلسەفییەکانیان دەربڕیوە، بەڵام هێشتا ئەم دوو بیریارە، وەکو

هۆمیرۆس و هیزیۆد یان پیندارۆس بە شاعیر دانانرێن و فەیلەسوفن. هۆی ئەمەش بۆ ئەو پیناسەیە دەگەڕێتەوە ئەفلاتون و ئەریستۆ بۆ هونەریان داتاشیوە. هونەریان بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی بە (لاسایی کردنەوە) داناوە. تابلۆیەکی هونەری شێوەکاری، وێنەیەکی شیعری لە هۆنراوەیەکدا لە داکەوتی دەرەکییەوە وەرگیراون و هونەرمەند لاسایی ئەو بابەتەی کردۆتەوە. لێرەدا ئەریستۆ، پەیرەوی ئەفلاتونی کردووە و لەم پیناسەیەوە بۆ هونەر جیاوازی نێوان هۆمیرۆس و ئەو دوو فەیلەسوفەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بە شیعر بۆچوونە فەلسەفییەکانیان نوسیوە.

هەمان کات، بە پێچەوانەی ئەفلاتونیشەوە ئەریستۆ لەو باوەڕەدایە بابەتی شیعر وەرگیراوێکی دەقاودەقی داکەوتەکە یان بابەتەکەی جیهانی دەرەوەی بیرکردنەوە نیە، ئەگینا هیچ جیاوازییەک لەنێوان شاعیر و مێژوونوسدا نەدەما. مێژوونوس لەسەر ئەو ڕووداوانە دەنوسێت، کە ڕوویانداوە و لەوە زۆرتریش بە هیچی دیکە نابن و ناگەن. لەم بۆچوونەوە، کە من دڵنیام تەنیا بۆچوون بۆ مێژوو نیە، مێژوونوس مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا دەکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت تەفسیری جیاواز بۆ ڕووداوەکە ناکرێت. کاتێک مێژوونوسێکی کورد

لەسەر میرنشینی بابان دەنوسێت، دەتوانێت بڵێت ئەگەر جەنگی ناوخۆی نێوان دوو براکە نەبوایە شاری سلێمانی، کە پایتەختی بابانەکان بوو، زۆرتر گەشەی دەکرد و لەشکری بێگانە داگیری نەدەکرد. ئەم ڕاڤەکردنە ناسینەوەی مێژوو نیە، بەڵکو گریمانە و بۆچوونە و هیچ لە ناوەڕۆکی ڕووداوە مێژووییەکە ناگۆڕێت. شاعیر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەیدا ناکات. گرنگ نیە تاکو چ ڕادەیەک وێنە شیعرییەکانی وەرگیراوەی جیهانی دەرەکی بن یان بابڵێین ئەوەی شاعیر بە دەنگ یان وشە دەریدەبڕێت لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئەودا دەدۆزرێتەوە، بەڵام بە دیدی ئەریستۆ، شاعیر لەو ڕووداوە دەدوێت هێشتا ڕووینەداوە یان دەبوایە ڕوویبدایە.

جیاوازییەکی دیکەی نێوان شاعیر و مێژوونوس دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی ڕاستەقینەی ڕووداوەکەیان. مێژوونوس لەسەر ئەو ڕووداوانە دەنوسێت، کە هەن یان ئاشکراتر دەڵێین ڕووداوەکانی مێژوو لەنێو کات و شوێندان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مێژوو ڕاستەقینەیەکی هەندەکی دەردەخات، کە بەگوێرەی کات و شوێن و تاکە کەسەکان دەگۆڕێت. شاعیر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوێکی نێو کات و شوێندا ناکات چونکە ئەوەی ئەو باسیدەکات ڕووینەداوەو پەیوەندی بە کات و

شوێنەوە نیە. لەبەر ئەمە ڕاستەقینە لای شاعیر هەمەکییە و هەمیشە دەژی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە شاعیر ناتوانێت شیعر بۆ ڕووداوێک بنوسێت. بێگومان گەلێک لە شاعیرەکان هۆنراوەیان بۆ ڕووداو، کارەسات و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری هۆنیوەتەوە. بەڵام ئەو شیعرەی پەیوەندی بە ڕووداوێکی کاتییەوە هەیە، وەکو بابەتەکەی کاتییە و نەمر نیە. ئەم بۆچوونەی ئەریستۆ سەبارەت ڕاستەقینەی شیعر سەرەتای ئەو بیردۆزە هونەرییە دەردەخات، کە گوایە مرۆڤ بە ڕێگەی هونەر نەمری و بەردەوامی بە بوونی خۆی دەدات. هونەرمەند یان شاعیر لە هونەرەکەیدا ژیانێکی هەمیشەیی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.

ئەریستۆ، لەم نوسراوەدا باسی دوو جۆر شیعر دەکات: شیعری قارەمانێتی و تراجیدیا. خەسڵەت و جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو شیعرەشی ڕوونکردۆتەوە. لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات، کە شانۆگەری بە هەر دوو جۆرەکەیەوە؛ تراجیدیا و کۆمیدی، لە هونەری شیعرەوە سەریهەڵداوە. لەبەر ئەمە ئەم نوسراوەی ئەریستۆ لەسەر شیعر لە توێژینەوە بۆ شانۆگەریش جیاناکرێتەوە. هەروەها، ئەم فەیلەسوفە لەو باوەڕەدایە کاریگەرێتی شیعری تراجیدیا لە

کاریگەرێتی شیعری قارەمانێتی بەسەر سۆز و دەروونی بیسەرانەوە گەورەترە. هۆی ئەمەش بۆ ئەو خەسڵەتانە دەگەڕیتەوە لە تراجیدیادا هەن و لە شیعری قارەمانێتیدا پەیدا ناکرێن. لەنێو خەسڵەتەکاندا ئاماژە بۆ دووانیان دەکەم، کە بە بیروڕای من گرنگن و پێویستە ئاوەڕیان لێبدەینەوە. یەکەم، تراجیدیا لە شیعری قارەمانێتی بەرزتر و کاریگەرترە چونکە ڕووداوەکان بە (نواندن) نیشان دەدات. ئەمەش سەرهەڵدانی هونەری شانۆگەرییە لە مێژوودا و لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە لە شیعردا، لە گێڕانەوە بۆ نواندن شانۆگەری لە یۆنان دەستپێدەکات.

دووەم، پەیوەندی بە بۆچوونی ئەریستۆ، بە تراجیدیاوە هەیە. ئەریستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە، تراجیدیا بە هونەرێکی نزم دانانێت. تراجیدیا کاریگەرێتی بەسەر سۆزەوە هەیە و هەر هونەرێکیش مامەڵە لەگەڵ سۆزدا، نەک هۆش بکات، لای ئەفلاتون هونەرێکی نزمە. بۆ ئەریستۆ ئەم خەسڵەتەی تراجیدیا جوانی و بەرزێتی بەم جۆرە هونەرە دەدات. کاریگەرێتی تراجیدیاش لەسەر سۆزی بیسەران و بینەران دەبێتە هۆی خەم ڕەوانەوە و لەم ڕووەوە تراجیدیا **خەم ڕەوێنە**. کاتێک تەماشای شانۆگەری ئۆدیبی پاشا

دەکەین و تراجیدیای ژیانی ئۆدیب دەبینین، ئەو تراجیدیایە کاردەکاتە سەر سۆزمان و خەم و پەژارەی خۆمان لە بیر دەباتەوە. تراجیدیا، لەسەرو شیعری قارەمانێتیەوە، بێجگە لە(نواندن) چەند ناوەندێکی دیکەش لە دەربڕینی ڕووداوەکاندا بەکاردەهێنێت. بۆ ئەوەی کاریگەرێتییەکی قوڵ و تەواو بکاتە سەر بینەران(دیمەن) و(گۆرانی) لەنێو نەخشەو پلانی نواندنەکەدا دادەنرێت. مەبەست لە(دیمەن) دانانی ئەو دیکۆرە پیویستانەیە ئەمڕۆش لە شانۆگەرییەکاندا بۆ گەیاندنی بیرۆکەی شانۆگەرییەکەو چەسپاندنی کاریگەرێتییەکە بەکاردەهێنرێن.

هەروەها ئەریستۆ لەو باوەڕەشدایە، کە پێویستە لە تراجیدیادا "سەرسوڕمان" لای بینەران دروست بکەین. ئەمەش بە دوو ڕێگا پەیدا دەبێت؛ وەرگەڕان و دۆزینەوە، کە هەردووکیان بوون بە خەسڵەتی تراجیدیا. ئەم دوو خەسڵەتە پەیوەندییەکی زەروریيان بە یەکدییەوە هەیە و زۆرکات یەکەمیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دووەمیان. لە شانۆگەری ئۆدیبی پاشادا، ئۆدیب دەیەوێت بکوژی پاشای ئەو شارە بدۆزێتەوە و سزای بدات، کە ئێستا خۆی لە جێگەی دانیشتوە و بوە بە پاشا. بەڵام لە ئاکامدا، لەگەڵ

دۆزینەوەی بکوژەکەدا دەردەکەوێت، کە ئۆدیب خۆی بکوژی پاشای ئەو شارەیە. هەروەها ئەو پاشایەش باوکی خۆی بووە و ئێستا ئەو ژنەی هێناوێتی و لە پێشتر ژنی پاشا کوژراوەکە بووە دایکێتی. بەم جۆرە، سۆفۆکلیس، نوسەری ئەم شانۆگەرییە، ڕووداوەکان وەردەگێڕێ و لەگەڵ دۆزینەوەی ڕاستیەکەدا بینەرانی سەرسام دەکات. ئەم دوو خەسڵەتانە تراجیدیا جوانتر و بە تامتر دەکەن و زۆرتریش سۆزی بینەران دەجولێنێت.

لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، ئەریستۆ باسی جۆرەکانی وشەمان بۆ دەکات، کە شاعیر بۆ سەرکەوتنی دەربڕینەکەی و ڕازانەوەی هونەرەکەی پێویستە بەکاریان بهێنێت. شیعری سەرکەوتو بەو جۆرە هۆنینەوەیە دادەنێت، کە خۆی بە وشە باوەکانەوە بە تەواوی نابەستێتەوە و لە دەقەکەیدا میتافۆر و وشەی داهێنراو هەروەها ئەو وشانەی باو نین دادەنێت. چەند نموونەیەکیشی لەم جۆری وشانە و میتافۆر بۆ هێناوینەتەوە، کە شاعیرە یۆنانییەکان لە شیعرەکانیاندا دایانناون. دواجار، ئاماژە بۆ ئەو ڕەخنە و هێرشانە دەکات دەکرێنە سەر شاعیر و ئەویش هەوڵیداوە وەڵامیان بداتەوە.

ئەم نوسراوەی ئەریستۆ دەقی وانەکانی ئەم فەیلەسەفەیە لەسەر

شیعر یان هونەری هۆنینەوە، کە لە لایەن خوێندکارەکانی ئەریستۆوە نوسراونەتەوە. لە زۆر شوێندا دەقە یۆنانییەکە سڕاوەتەوە یان ناتوانین بیخوێنینەوە یان وادەردەکەوێت خوێندکارەکان دێرێکیان بۆ دانابێت. ئەو بەشانەی ناخوێنرێنەوە جێگەکەیان بە بەتاڵی دانراوە.

من ئەم نوسراوەم لە زمانی ئینگلیزییەوە، بە تایبەتی لە دەقە ئینگلیزییەکەی (بەیوەتەر)ەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوەو لەگەڵ دەقەکەی (ماڵکۆم هیس) یشدا بەراوردم کردوە تاکو دەقە کوردییەکە زۆرتر لەواتا و مەبەستی ئەرستۆوە نزیک بێت.

ئەم پەرتووکەی ئەریستۆ بە ناوی (شیعر) لەم سەرچاوە ئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوە:

Aristotle, “Poetics,” in *The Complete Works of Aristotle*, Jonathan Barnes (ed.,), vol.2, Princeton University Press, 1996.

هەروەها ئەم دەقە ئینگلیزییەم لەگەڵ دەقێکی دیکەدا بەراوردکردوە، کە ماڵکۆم هیس وەریگێڕاوە:

Aristotle, *Poetics*, translated with an introduction and notes by Malcolm Heath, London: Penguin Books, 1996.

دواجار، ئەم نوسراوەی ئەریستۆ لە هەموو نوسراوەکانی دیکەی ئەم فەیلەسوفە زۆرتر بایەخی پێدراوە و بۆ زمانەکانی دیکە وەرگێڕاوە. هەموو ئەدیب دۆستان و شاعیران و هونەرمەندانی شانۆگەری و نواندن دەتوانن سودی لێوەگرن و هیوادارم گۆشەیەکی پەرتووکخانەی کوردی رۆشن بکاتەوە.
.

د. محەمەد کەمال

زانکۆی مالبۆرن

2009

1 . من دەمەوێت لەسەر شیعر بەگشتی و جۆرەکانی بدوێم. باسی کاریگەرێتی شیعر و بونیادی پلان بۆ هۆنینەوەی شیعرێکی چاک بکەم. هەروەها چەند لایەنێکی دیکەی شیعریش هەن لەم توێژینەوەیەدا ڕوونیان دەکەمەوە. لێرەدا، وەکو باوە، لەو کێشە بنەڕەتیانەوە دەستپێدەکەم، کە لەپێشترن.

شیعری قارەمانێتی و تراجیدی، هەروەها کۆمیدی و شیعری گۆرانی و شمشاڵ لێدان و گۆرانی گوتن، هەموویان بە شێوازەکانی لاسایی کردنەوە دادەنرێن. بەڵام بە سێ خاڵ لە یەکدییان جیادەکەینەوە؛ ناوەندی لاسایی کردنەوەکە، بابەتەکانیان و فۆرمەکانیان.

وەکو چۆن هەندێک لە پۆرترەیتێکدا ڕەنگ و فۆرم دەکەن بە ناوەندێک بۆ لاسایی کردنەوەی زۆرشت، کەسانی دیکەش هەن دەنگ بەکاردەهێنن. لەم هونەرەشدا[لێرەدا باسیدەکەین] هۆنینەوە و زمان و هارمۆنی (هاوئاهەنگی) بەتەنیا یان لەنێو پێکهاتەیەکی گەورەتردا بەکاردێن. پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هۆنینەوە بەبێ لایەنەکانی دیکە دەبێت بەناوەند بۆ شمشاڵ لێدان و گۆرانی و ئەو جۆرە هونەرانەی لەمانەوە نزیکن.

هۆنینەوە بەتەنیا، بەبێ هاوئاهەنگی ناوەندی سەماکردنە.
سەماکەرێک لە هۆنینەوە و نواندنی سەماکەیدا خەسڵەت و هەڵس و کەوت و ئازاری مرۆڤمان بۆ دەردەخات. هونەریش هەیە بە زمان لاسایی کردنەوەکە بە بڕگەیەک یان چەند بڕگەیەک دەردەبڕێت. ئەم جۆرە لاسایی کردنەوەیە تاکو ئەمڕۆ ناوزەد نەکراوە.
ئێمە ناوێکمان بۆ شانۆگەرییەکانی سۆفرۆن و زینارکۆس یان گفتوگۆکانی سوکرات دانەناوە.(1) هەروەها نازانم ئەو لاسایی کردنەوانەی لە هۆنینەوەی سێ خشتەکی و لاوانەوە پێکدێن چییان پێدەوترێت.
زۆرکەس ئەم جۆرە هۆنینەوانە بە شیعر دادەنێن، باسی شیعری لاوانەوەو ئازایەتی دەکەن. بە دیدی ئەوان، ئەم هۆنینەوانە لاسایی کردنەوەن، بەڵام جیاوازییەکەنیان ڕوون نەکراونەتەوە. ئەگەر زانایەک پەرتووکێکی پزیشکی یان لەسەر سروشت بە شیعر بنوسێت، بە شاعیر دانانرێت. ئێمە دەزانین ئیپمادۆکلیس و هۆمیرۆس هاوتا نین.

---

(1) سۆفرۆن باوکی زیناکۆسە و ئەم دووانە لە سەردەی پێنجەمی پێش زاییندا لە یۆنان ژیاون و نوسەری شانۆگەری بوون.(وەرگێڕ).

هۆمیرۆس شاعیرە و ئیپمادۆکلیس(هەرچەندە بە شیعر لەسەر سروشتی نوسیوە) بە شاعیر دانانرێت و زانایەکی سروشت ناسە.(2) پێویستە لە جیاکردنەوەی شێوازەکانی دیکەی هونەردا، بۆ نموونە (سینتۆر)ی کایرەمۆن و[بەرهەماکانی] کایرەمۆنی یەکەم، بەئاگابین.(3) لەسەرو ئەم جیاوازییانەشەوە هەندێک هونەر هەن، کە هەموو لایەنەکانی (هۆنینەوە، ئاواز و برگە) تیایاندا کۆبوونەتەوە. شیعری گۆرانی(نۆمیک)[کۆراڵی یۆنانی]؛ تراجیدیا و کۆمیدی بە جیاوازییەکانیانەوە ئەم سێ لایەنەیان تێدایە.(4) ئەمانە ئەو جیاوازییانەن من لە جۆرەکانی هونەردا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

---

(2) ئیپمادۆکلیس(495- 435 پ ز) فەیلەسوفێکی یۆنانیی پێش سەردەمی سوکراتە. ئەم فەیلەسوفە بە شیعر، وەکو پارمەنیدس، بیروباوەڕی فەلسەفی خۆی دەربڕیوە. بەڵام بە پێچەوانەی پارمەنیدسەوە باوەڕی بە گۆڕانکاری لە بووندا هەبووە، کە لە ئاکامی ناکۆکی و دژایەتی دوو هێزی گەردوونی(خۆشەویستی) و (کینە) سەرهەڵدەدات.(وەرگێڕ)

(3) سینتۆر لە ئەفسانەی یۆنانییدا گیاندارێکە نیوەی لەشی(سەرو سنگی) مرۆڤە و نیوەکەی دیکەی ئەسپە. هەروەها سینتۆر بەرهەمێکی کایرەمۆنی شاعیری تراجیدیای یۆنانە، کە لە سەردەمی چوارەمی پێش زایین ژیاوە.(وەرگێڕ)

(4) شیعری نۆمیک جۆرێک بووە لە(کۆراڵ) لە گۆرانییدا بەکارهێنراوە.(وەرگێڕ)

2. بابەتەکانی لاسایی کردنەوە کردەوەن. ئەم کردەوانە دەکەونە سەر بکەرەکانیان، کە چاک یان خراپن. هەموو کردەوەکانی مرۆڤیش ئەم دوو جۆرە خەسڵەتانە وەردەگرن و لە یەکدی جیادەکرێنەوە. کەوابوو، ئەو کەسانەی لاساییان دەکرێتەوە دەبێت لەسەرو خەسڵەتی چاکەی ئێمەوە یان لە خوارتربن، یان لەگەڵ ئێمەدا جیاوازییان نەبێت: بۆ نموونە بڕوانە ئەم هونەرمەندانەی شێوەکاری؛ پۆڵیگنۆتس وێنەی کەسانی لەخۆی چاکتر کێشاوە، پاوسۆن لە تابلۆکانیدا کەسانی لەخۆی خراپتر دروستکردوە و دیۆنسێسوس پۆرترەیتی کەسانی، وەکو ئێمەی کردوە.(5)

هەریەکێک لەم هونەرانە لەوی دیکەوە جیاوازە. جیاوازییەکەش سەربەخۆیی بەو جۆرە هونەرەدەدات. تەنانەت جیاوازییەکان لەنێوان سەماکردن و شمساڵ لێدان و گۆرانی گوتنیشدا دەدۆزرێنەوە. هەروەها لەنێو ئەو هونەرە بێ ناوانەشدا هەن، کە لەڕێگەی زمانەوە خۆیان دەردەبڕن. هۆمیرۆس لاسایی کەسانێک دەکاتەوە، کە لە ئێمە چاکترن. پاڵەوانەکانی سلیۆفۆن کەسانی، وەکو ئێمەن.

(5) ئەم سێ هونەرمەندە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینی لە یۆنان ژیاون. ئەریستۆ لە پەرتووکی (ڕامیاری – 1340 تا 35 ) ناوی پاسۆنی دووبارە هێناوە و لەو باوەڕەدایە تابلۆ هونەرییەکانی شیاوی ئەوەنین لاوان بینینن.(وەرگێڕ)

هەروەها پاڵەوانەکانی هیگامۆنی تاسۆس، کە پارۆدیسی داهێنا و نیکۆچارسی نوسەری دەیلیاد، لە ئێمە نزمترن. بەهەمان شێوە، لە شیعری گۆرانی و کۆراڵدا کەسێک دەتوانێت، وەکو تیمۆتێوس و فیلۆکسینۆس (سیسلۆپیس)، لاسایی بکاتەوە.
هەمان شت دەبێت بە جیاوازی نێوان تراجیدیا و کۆمیدی. یەکێکیان لاسایی کەسانی لەخۆمان چاکتر و ئەوی دیکەیان لەخۆمان خراپتر دەکاتەوە.

3. جیاوازی سییەم لەنێوان ئەم هونەرانەدا لەچۆنیەتی ئامادەکردنی بابەتەکانیاندایە. دەگونجێت لاسایی بابەتەکان لەنێو هەمان ناوەندا بکەین. هەندێک جار وەکو هۆمیرۆس بەڕێگەی گوتنەوە باسی پاڵەوانەکان دەکەین یان بە نواندن و کردەوە بابەتەکان دەردەخەین. بەو شێوەیەی لە سەرەتاوە باسمانکرد جیاوازییەکانی نێوان ئەم هونەرانە لە لاسایی کردنەوەدا بە سێ جۆر ڕیزیان دەکەین: ناوەند، بابەت و شێوە یان فۆرم.
سۆفۆکلیس، لە هەندێک ڕووەوە، وەکو هۆمیرۆس لاساییکەرە، چونکە پاڵەوانەکانیان مرۆڤی چاکن. لە لایەکی دیکەوە

له (ئەریستۆفانس)ەوە نزیکە، چونکە هەردووکیان بە نواندن پاڵەوانەکانیان دەردەخەن. بە دیدی هەندێک، لەبەر ئەمە شانۆگەری بە (دراما)ش ناوزەد دەکرێت. لە شانۆگەریدا دەوری پاڵەوانەکانی نێوچیرۆکەکە بە نواندن و کردەوە نیشان دەدرێت. لەبەر ئەم هۆیە (دۆریان)ەکان خۆیان بەداهێنەری تراجیدیا و کۆمیدی دادەنێن.

میگارییەکانیش لەو باوەڕەدان (کۆمیدی)یان داهێنابێت و سەرەتای سەرهەڵدانیشی بۆ سەردەمی دامەزراندنی دیموکراسییەت دەگەڕێننەوە. تەنانەت خۆیان بە خاوەنی کۆمیدی دەرەوەی [یۆنانیش] دادەنێن، کە لە سیسلی (شوێنی لە دایکبوونی شاعیر ئێپیکارمۆس، کە پێش چێوندیکس و ماگنس ژیاوە) دادەنێن. پیلۆپۆنیسییەکانیش خۆیان دەکەن بە داهێنەری تراجیدیا. بۆ سەلماندنی ئەمەش ئاماژە بۆ بنەڕەتی وشەی کۆمیدی و دراما لە زمانەکەیاندا دەکەن. گوایە وشەی (کۆمی *comae*) لە زمانی میگارییەکاندا واتای (گوند) دەبەخشێت و لە وشەی (کۆیم *comoe*) وە نەهاتووە. زاراوەی کۆمیدی لە گەڕان و سوڕانەوەی هونەرمەندانی شانۆگەری بەسەر گوندەکاندا، پاش ئەوەی دانیشتوانی شارەکان بایەخیان پێنەداون، سەری هەڵداوە. هەروەها، ئەوان دەڵێن لە

زمانی ئەسینادا (پراتین *prattein*) بۆ (کردن) دادەنرێت و لە زمانی ئەوانیشدا (دران *Dran*) واتای (کردن) دەبەخشێت.

4. ئاشکرایە سەرهەڵدانی شیعر بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، کە هەردووکیان پەیوەندییان بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە. لاسایی کردنەوە لە بوونی مرۆڤدا سروشتییە و لە منداڵییەوە پەیدا دەبێت. ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتە تایبەتمەندییانەی مرۆڤ لە ئاژەڵەکانی دیکە جیادەکاتەوە؛ مرۆڤ ئەو ئاژەڵەیە، کە لە لاسایی کردنەوەدا چاکترینە و بە لاسایی کردنەوەش خۆی فێردەکات. هەروەها، هەموو مرۆڤێک بە سروشت لە لاسایی کردنەوە خۆشی پێدێت. ڕاستی حاڵەتی دووەم بە تاقیکردنەوە دەسەلمێنرێت: ئێمە حەزدەکەین زۆر ڕیالیستانە لە بەرهەمێکی هونەرییدا وێنەی ئەو فۆرمانەی پەرێشانمان دەکەن، وەکو لاشەی مردوو، ببینین. هۆی ئەمەش لەم ڕوونکردنەوەیەدایە: فێربوون بە تەنیا خۆشی بە فەیلەسوف ناگەیەنێت، هەرچەندە تەواناى فێربوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، هەموو مرۆڤایەتی چێژی لێوەردەگرێت. کاتێک تەماشای تابلۆیەک دەکەین بابەتی نێو تابلۆکە بەو شێوەیەی

دروستكراوه دەبینین. ئەگەر كەسێک بابەتەكەی لەپێشتر نەبینیبێت ئەوا چێژ لە تابلۆكە وەرناگرێت، كە لاساییكردنەوەیە بەڵكو چێژ لە دانانی ڕەنگەكان و لایەنەكانی دیكە وەردەگرێت.

لاسایی كردنەوە، وەكو لایەنێكی سروشتی لە بوونی ئێمەدا، هەروەها هۆنینەوە و هاوئاهەنگی و بڕگەش، كە جۆری هۆنینەوەن لە بوونی مرۆڤدا بە سروشت هەن. لە ڕێگەی پەرەپێدانیان شیعر سەریهەڵداوە. لە سەرەتاوە شیعر، بەگوێرەی خەسڵەتەكانی، دوو لقی لێبۆتەوە. هەندێک لە شاعیرە گەورەكان باسی كردەوەی چاكیان كردوە و پاڵەوانەكانیان كەسانی چاک بوون. ئەوانی دیكە وێنەی كەسانی پایە نزمیان داناوە. ئەم لقەیان لەگەڵ سەرهەڵدانیا شێوازی بەدگۆیی و سرودی ئایینی و ستایشكردنی بەخۆوەگرت. هەرچەندە زۆر نوسەر پێش هۆمیرۆس بەم جۆرە نوسینەوەیەوە سەرقاڵ بوون، بەڵام هیچ شیعرێک لەو شێوازەی ئەو سەردەمەمان لە بەردەستدا نیە.

لەو هۆنراوانەدا، كە سەرزەنشت كەر و بەدگۆن لە دێڕی دوو بڕگە پێكهاتوون؛ ئێمەش بە دووبڕگەیی ناویان دەبەین. لە دواییدا شاعیرەكان دەستیان دایە هۆنینەوەی شیعری ئازایەتی و ئەوانی

دیکەش پەیڕەوی فۆڕمی دووبڕگەییان کرد. هۆمیرۆس یەکێک بوو لە شاعیرە مەزنەکان. ئەو تەنیا شیعری نایابی نەدەهۆنیەوە، بەڵکو شیعرەکانی درامەیی بوون. یەکەم شاعیریشە کۆمیدیانە شیعر بهۆنێتەوە و بێجگە لە شیعر، سەرزەنشتکردن و وێنەی پێکەنیناویشمان نیشان دەدات. بەرهەمەکەی (مارگیت)، لەڕاستیدا، بەرانبەر شێوازی کۆمیدی و (ئیلیاد) و (ئۆدیسە)ش بە تراجیدی دادەنرێن. ئەو کاتەی جیاوازی نێوان تراجیدیا و کۆمیدیش ئاشکرابوو، ئەو شاعیرانەی شیعرەکانیان لەم دوو شێوازەوە نزیک بوون بە شاعیری تراجیدی و کۆمیدی ناسران چونکە ئەم دوو شێوازە نوێیەی شیعر لە شێوازە کۆنەکان بە بەرزتر دادەنران. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەبارەت تراجیدیا و خەسڵەتەکانی و بەستنەوەی بە شانۆگەرییەوە دەکرێت پێویستی بە توێژینەوەیەکی دیکەیە، کە لێرەدا باسی ناکەین.

بە دڵنیاییەوە، تراجیدیا بە بێ خۆئامادەکردن و بیرلێکردنەوە سەری هەڵدا. کۆمیدییش بە هەمان شێوە دەستی پێکرد. یەکەمیان لەو شاعیرانەوە، کە شیعری گۆرانییان دەهۆنییەوە پەیدابوو. دووەمیش پەیوەندی بەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەوە هەبوو، کە بەسەر ئەندامی

زاووزێی نێرینەدا دەگوتراو تاکو ئێستا لە هەندێک دەستگای کۆمەڵایەتی شارەکاندا ماونەتەوە.

پاش گۆڕانکاری بەسەر تراجیدیادا ئەم شێوازە خۆی گەیاندە ئەم فۆرمەی ئێستا هەمانە. بۆ یەکەمجار ئەسخیلۆس ژمارەی ئەکتەرەکانی لە یەکەوە گۆڕی بۆ دوو. ئەمەش ڕۆڵی کۆڕاڵی کەم کردەوە و ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی دایەلۆگ خۆش کرد. سۆفۆکلیس ئەکتەری سێیەم و دیکۆری هێنایە کایەوە. لەسەرو ئەمانەوە، تراجیدیا پێویستی بە قەوارەی گەررە هەبوو. بۆ ئەم مەبەستە چیرۆکی کورت و پلانی بچوک وازلێهێنراو. لە جێگەی شیعری کۆمیدی و شێوازی ساتیری، تراجیدیا خوی دایە ڕێزلێنان و پلەی سەربەرزی. مەودای شیعرەکانیش لە دووبڕگەییەوە کران بە چوار بڕگەیی. هۆی ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی شیعرەکانی پێشو ساتیری بوون و پەیوەندییان بەسەماوە هەبوو. شیعری دووبڕگەیی بۆ گوتن ئاسانە و لە زۆربەی گفتوگۆکانماندا بەکاری دەهێنین، بەڵام شەش برگەیی بە دەگمەن دادەنێین یان لەو کاتەدا بەکاریدەهێنین، کە دەمانەوێت لە شێوازی ئاخاوتنی دەربچین. گۆڕانێکی دیکە، کە بەسەر تراجیدیا داهات لە داهێنانی فرەجۆری زنجیرەکانیدا بوو.

5. کۆمیدی (بەو شێوەیەی باسمان کرد) لاسایی کردنەوەی کەسانی نزمە. نزمی ئەم کەسانە هەموو لایەنێکیان ناگرێتەوە، تەنیا ئەولایەنە دەگرێتەوە، کە دەبێت بە بابەتی پێکەنین و لەم ڕووەوە نزم و ناشرینە. ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی پێکەنین لەوانەیە هەڵە، یان کەمی بێت، کە نابێتە هۆی ئازاردانی کەسانی دیکە و لەناوبردنیان؛ بۆ نموونە، دەمامە ناشرینە و بینەران دەهێنێتە پێکەنین، بەڵام ئازاربەخش نیە.

گەشەکردنی تراجیدیا و ئەوانەی ئەم جۆرە هونەرەیان پێش خستوە ناسراون، بەڵام ئەوانەی کۆمیدیان پێش خستوە نەناسراون چونکە ئەم هونەرە بە بایەخەوە ئاوەڕی لێنەدراوەتەوە. لەم دواییەدا دادگەرەکان پشتگیرییان لێ کرد. لەوەوپێش [ئەکتەرەکانی] خۆبەخشانە دەورەکانیان دەبینی. ئەم جۆرە هونەرە، پێش ئەوەی وەکو شیعری کۆمیدی بناسرێت خەسڵەتی خۆی هەبوو. هێشتا ئاشکرانیە کێ دەمامە و پێشەکی بۆ دامەزراند و بڕیاری لەسەر ژمارەی ئەکتەرەکانیش داوە. بەڵام لە (سیسلی) یەوە پلان دانان بۆ کۆمیدی سەری هەڵدا. لەنێو شاعیرەکانی ئەسیناش (کرەیتس)یەکەم

کەس بوو وازی لە کۆمیدی سەرزەنشتی و بەدگۆیی هێنا و چیرۆک و پلانی بەگشتی بۆدانا.

شیعری قارەمانێتی، تاکو ڕادەیەک، لە تراجیدیاوە نزیکە چونکە بابەتی لاسایی کردنەوەکەی مەبەستدارە. هاوکات، لەبەر ئەوەی یەک جۆر فۆرم و گوتەگێڕانەوە بەکاردەهێنێت، لە تراجیدیاوە جیاوازە. لەسەرو ئەمەوە لە درێژیشیدا جیاوازییان هەیە. تراجیدیا لە ڕۆژێک زۆرتر دریژە ناخایەنێت، بەڵام شیعری قارەمانێتی ئەم سنورەی بۆ دانەنراوە. لەسەرەتاشدا ئەم جیاوازییانەیان بۆ دانەنراوە. لە ڕووی پێکهێنانی بەشەکانیشیان، کە هەندێکیان لە هەردوو جۆرە شیعرەکاندا هەن، جیاوازن. لێرەدا حوکمدان بەسەر چاکی و خراپی تراجیدیادا شیعری قارەمانێتیش دەگرێتەوە. هەموو بەشەکانی شیعری قارەمانێتی لە تراجیدیادا پەیدادەکرێت، بەڵام هەموو بەشەکانی تراجیدیا لەنێو شیعری قارەمانێتیدا نادۆزرێنەوە.

6. ئێمە لە دواییدا لەسەر لاسایی کردنەوە لە شیعری شەش بڕگەدا و کۆمیدی دەدوێین. (6) لێرەدا باسی تراجیدیا دەکەین و پێناسەیەکی بۆ دادەمەزرێنین.

تراجیدیا لاسایی کردنەوەیەکی مەبەستدار و بەبایەخ و تەواوە. زمانێکی جوانی هەیە و هەریەکێک لە ئەکتەرەکان بەشێکی دەنوێنن و پشت بە گێڕانەوە نابەستێت. لەڕێگەی بەزەیی و پەیداکردنی ترسەوە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی هەست و سۆز. مەبەستم لە جوانی زمان هۆنینەوە و هاوئاهەنگییە. هەندێک لە بەشەکانی کۆپلەی هەڵبەستن و ئەوانی دیکەی گۆرانین.

مادامەکی تراجیدیا بە نواندن نیشان دەدرێت ئەوا بینەران دەبن بە بەشێک لە هەموو پرۆسەکە. پاش ئەمە شیعر و ئاواز دەبن بە ناوەندی دەربڕینەکە. مەبەستم لە شیعر هۆنینەوەی کۆپلەکانە و واتای ئاوازیش ئاشکرایە.

تراجیدیا نواندنە بەکردەوە. نواندنیش پێویستی بە ئەکتەرەکان هەیە، کە دەبێت جۆرە خەسڵەتێکیان بۆ ئەم کارە و تێگەیشتنیان

(6) مەبەستی ئەریستۆ لە شیعری شەش بڕگەیی شیعری قارەمانێتییە، کە لە بەشی (23)ی ئەم پەرتووکەدا باسیدەکات، بەڵام وادیارە ئەو بەشەی باسی کۆمیدی دەکات بزربووە و لەبەردەستماندا نیە (وەرگێڕ).

هەبێت. ئێمەش بەپێی ئەم خەسڵەتانە و تێگەیشتنی ئەکتەرەکان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیان هەڵدەسەنگێنین. نواندنەکەش لە شانۆگەرییەکەدا پەیوەندی بە پلانەوە هەیە. پلانیش، لەم بەستێنەوە، پێکهاتەی ڕووداوەکانە یان کردەوەکانی نێو چیرۆکەکەن. کەسایەتیەکانیش دەکەونەسەر ڕۆڵی ئەکتەرەکان. تێگەیشتنیش لەو زمانەدا دەردەکەوێت، کە ئەکتەرێک بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی دەیخاتەگەڕ.

بەگشتی، تراجیدیا شەش بەشی هەیە. بەشەکانیش ئەمانەن: پلان، کەسایەتی، شیعر، بیرۆکە، بینەر و گۆرانی. دوانیان سەر بەناوەند و یەکێکیان هەڵوێست و سیانەکەی دیکە سەر بە بابەتی دراماکەن. لەنێو ئەم بەشانەدا، لە هەموویان گرنگتر، بەستنەوەی بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکەیە. لە ناوەڕۆکدا، تراجیدیا، لاسایی کردنەوەی کردەوە و ژیانە نەک کەسەکان.[هەموو شێوازەکانی بەختەوەری و ناخۆشی لە ژیانی مرۆڤدا بە کردەوە هەن؛ ئەو مەبەست و کۆتاییەی لە ژیاندا هەمانە جۆرێکە لە چالاکی نەک خەسڵەت. کەسایەتییەکان خەسڵەتن، بەڵام بەختەوەری و ناخۆشی لەو کارانەدا دێنە پێش، کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین]. ئەکتەرەکانی

شانۆگەری بەتەنیا خەسڵەتەکانی ئەو کەسایەتییانە دەرناخەن، کە دەورەکانیان بۆ دەنوێنن. بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی کردەوەکان خەسڵەتەکان دەخەنەڕوو. کەوابوو، ئەوەی ئەم کردەوانەی تێدایە، بۆنموونە، پلان و نەخشەکە، دوا مەبەست و کۆتایی تراجیدیایە؛ هەروەها کۆتایی لە هەموو شوێنێکدا شتێکی سەرەکییە. بەم جۆرە دەبینین، تراجیدیا بێ کردەوە نیە، بەڵام دەشێ بەبێ کەسایەتی هەبێت. تراجیدیای زۆرینەی شاعیرەکانی سەردەمی ئێمە لە کەسایەتی بەدەرن. لەنێوان هونەرمەندە شێوەکارییەکانیشدا ئەم دیاردەیە دەدۆزرێتەوە. دەتوانین بەراوردی تابلۆکانی زیۆخیس و پۆڵیگنۆتیس بکەین. یەکەمیان کەسایەتی لە بەرهەمەکانیا دەرناخات و دووەمیان کەسایەتییەکانی لە تابلۆکانیا نیشانداوە. هەروەها، دەشێ کەسێک شیعرێکی درێژ و پڕ واتامان بۆ بهۆنێتەوە، بەڵام نەتوانێت ناوەڕۆکێکی تراجیدی پێبدات. تراجیدیا پێویستی بە پلان و نەخشە و بەستنەوەی بەسەرهاتەکانە. لە هەموویان گرنگتریش، کە سەرنج ڕاکێش و کاریگەربێت، بەشەکانی پلانەکەیە، کە دۆزینەوەکان بەرجەستە دەکات. بەڵگەش بۆ ئەمە لەوێدایە، ئەوانەی دەست بە هۆنینەوەی شیعر دەکەن لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ

کەسایەتییەکان دەکەن، بەڵام تەواناى پلان دانان و بەستنەوەى بەسەرهاتەکان بەیەکدییەوە لە چیرۆکێکدا لە قۆناخی دواییدا پەیدای دەکەن. لێرەدا، یەکەم، دەگەینە ئەو باوەڕەى ناوەڕۆک یان گیانی تراجیدیا پلانە؛ هەروەها کەسایەتییەکان پاش پلان دەکەون. دەتوانین ئەمە لەگەڵ هونەرى شێوەکاریشدا بەراورد بکەین. پۆرترەیتێکی ڕەش و سپی لەو کانڤاسەى ڕەنگەکان فرێدراونەتەسەرى و [هیچ فۆرمێکیان نیە] زۆرتر سەرنجمان ڕادەکێشێت و چێژمان دەداتێ.

دووەم، تراجیدیا لاسایی کردنەوەى کردەوەکانە و لە پیناوى نواندن و ژیانەوەى کردەوەکانیش پەنا بۆ کەسایەتییەکان دەبات.

سێیەم، لایەنێکی گرنگی دیکەى تراجیدیا بیرۆکەیە. ئەمەش تەواناى گوتن لە کاتی خۆیدا و بەگوێرەى بەسەرهاتەکە دەردەخات. ئەم تەواناییە سیاسەتمەدارەکانیش هەیانە.

پاڵەوانی شاعیرە دێرینەکان، وەکو سیاسەتمەدارەکان دواون. پاڵەوانی شاعیرەکانی سەردەممان قسەزانی چاکن. کەسایەتی لە شانۆگەرییدا هەڵبژاردنی پاڵەوانەکان دیاریدەکات. لەبەر ئەم هۆیە، گوتە دەبێت پڕواتا بێت و پەیوەندی بە

کەسایەتییەکەوە هەبێت. لەسەرو ئەمەوە، بیرۆکە ئەو ناوەندەش دەگرێتەوە، کە خاڵێکی لەسەر دەسەلمێنرێت یان رەتدەدرێتەوە. چوارەم، لایەنێکی گرنگی دیکەی تراجیدیا دەقە؛ دەربڕینی بیرۆکەی پاڵەوانەکانە بە وشە؛ ئەمە لە هۆنینەوە و پەخشانیشدا پێویستە. لەنێو ئەو دوو لایەنەی ماونەتەوە و[باسمان نەکردوون] گۆرانی سەرچاوەیەکی گرنگی خۆشییە. بوونی بینەریش گرنگە، بەڵام لەنێو ئەم لایەنانەدا[ کە ئاماژەمان بۆ کردوون] لە هەموویان کەمتر هونەرانەیە. کاریگەرێتی تراجیدیا بەبێ بینەران و ئەکتەرەکانیش هەیە. بینەران بۆ شانۆگەرییەکە، نەک شیعرەکە گرنگن.

7 . پاش ڕوونکردنەوەی بەشەکانی تراجیدیا لەبەر ئەوەی گوتمان پلان لەنێویاندا گرنگترین بەشە، باسی دانانی پلان دەکەین.
ئێمە ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەکرد، کە تراجیدیا لاسایی
کردنەوەی کردەوەیەکی تەواوە، لەنێو خۆیدا و بەشێوەیەکی گشتی، یان (هەموو)ی گرنگە. هەندێک جار شتێکی گشتی یان هەمووش دەدۆزینەوە گرنگ نەبێت. (هەموو) ئەو شتەیە، کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. سەرەتا بەوە دەوترێت، کە پێویست

ناكات له پاش شتێكی دیكەوە سەرهەڵدات و دەبێت شتێكی دیكەش دوای ئەو پەیدابێت. كۆتاییش ئەوەیە، كە لە دواییدا، وەكو ڕوودانێكی پێویست یان ڕووداوێک دێت و هیچ شتێكی دیكەش پاش ئەو سەرهەڵنادات. ناوەڕاستیش دوای شتێک دەكەوێت و دوای ئەویش، شتێكی دیكە هەیە سەرهەڵدات. كەوابوو، پلان دانانێكی چاک بەگوێرەی حەز و ئارەزووی ئێمە دەست پێناكات و كۆتاییشی نایەت. پێویستە سەرەتا و كۆتایی پلانەكە پەیڕەوی ئەم پیناسانەی ئێمە بكەن[بۆ سەرەتا و ناوەڕاست و كۆتایی] دامانئنان.

هەموو شتێكی جوان لە بەشەكانی پێكهاتوە. ئەم بەشانە پێویستیان بە ڕیزكردن و ڕازاندنەوە هەیە. دەبێت لە قەوارەیەكی گرنگدا دابنرێن. جوانی لە شتێكی زۆر بچوكدا، كە چاو نەیبینێ و لە شتێكی گەورەی(هەزار میل) دا، كە هەمووی نابینرێت، نیە. ئەو شتەی لە بەشەكانی پێكهاتووە و جوانە قەوارەی هەیە، بەڵام پێویستە ئەو قەوارەیە ئەوەندەبێت هەموو بەشەكانی دەربخات و بە چاو ببینرێن. كەوابوو، پلان یان چیرۆكەكەمان دەبێت ئەوەندە درێژخایەن بێت لە یادمان نەچێتەوە. هەرچەندە درێژی و كورتی پلانەكە دەكەوێتەسەر نواندنەكە و بینەران، لە شیعردا پەیڕەوی

ناکرێت. ئەگەر سەد تراجیدیشیان بخستایەتە سەر شانۆ بە کاتژمێر درێژییەکەیان دەپێوا. درێژی تراجیدیا لە ڕاستیدا بەم جۆرە دەپێورێت:
درێژی چیرۆکەکە، بەردەوامی و پەیوەندی نێوان بەسەرهاتەکان و جوانی قەوارەی چیرۆکەکە بە گشتی. دەتوانین بڵێین، تێپەڕبوونی ئەکتەرەکە بە نێو ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا لە حاڵەتێکی خراپەوە بۆ چاک یان چاکەوە بۆ خراپ بە درێژی و قەوارەی چیرۆکەکە دادەنرێت.

8. یەکێتی ناوەڕۆکی پلان، وەکو هەندێک بۆی دەچێن، ئەوە نیە یەک کەسایەتیت لە چیرۆکەکەدا هەبێت. گەلێک ڕووداو بۆ تاکەکەسێک دێنە پێش، مەرج نیە یەکێتیان تێدا بێت. بەهەمان شێوە، تاکە کەسێک زۆرشت دەکات، کە هەموویان پێکەوە نابن بە یەک. ئەو شاعیرانەی (هیراکلاید)و (تیسایدۆ)یان نوسیوە، سەبارەت یەکێتی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا بە هەڵەدا چوون. یەکێتی ناوەڕۆکی ئەم شتعرانە بۆ تاکە کەسایەتییەکە، وەکو هیراکلاید ناگەڕێتەوە. هۆمیرۆس، نازانین لەبەر هونەرمەندێتی خۆی یان بە

خۆرسک، ئەمەی زانیوە. کاتێک ئۆدیسەی هۆنیەوە هەموو ڕووداوەکانی تێ نەکرد، کە بەسەر ئۆدیسەدا هاتن: بۆ نموونە باسی زەخمی بوونی ئەوی لە پارناسۆس و خۆبەشێت دەرخستن لە کاتی جەنگدا نەکرد. ئەم دوو بەسەرهاتە پەیوەندییەکی زەروورییان بە یەکدییەوە نیە. لە جێگەی ئەمە ئۆدیسەی، وەکو ئیلیاد بە یەک جۆر بەسەرهات [کردەوەوە] بەستەوە، کە ئێمە باسیدەکەین.

ڕاستیەکەی، وەکو لە هونەرەکانی دیکەشدا هەیە، لە لاسایی کردنەوەدا یەکێتی دەدۆزرێتەوە ئەگەر لاسایی یەک شت بکرێتەوە. پلانیش بە هەمان شێوەیە. مادامەکی لاسایی کردنەوەی کردەوەیە، ئەوا دەبێت خۆی بە یەک کردەوەوە ببەستێتەوە.

پێویستە بەشەکانی ئەو چیرۆکەی دامانناوە بە جۆرێک پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەبێت لەگەڵ لابردن و فڕێدانی بەشێک ناوەڕۆکی گشتی چیرۆکەکەش بشێوێت. ئەوەی بە لابردن و دانانی چیرۆکەکە ناگۆڕێت بەشێک نیە لە پلانەکە.

9. لەم بۆچوونەی ئێمەوە دەردەکەوێت شاعیر ئەو بەسەرهاتانە باسناکات، کە ڕوویانداوە، بەڵکو لەوە دەدوێت، کە دەشێ ڕووبدات.
لەو ئەگەرانە دەدوێت، کە بە گونجاندن یان زەروری ڕوودەدەن.
جیاوازی نێوان شاعیر و میژوونوس لەوێدا نییە، کە یەکەمیان شیعر دەهۆنێتەوە و دووەمیان پەخشان دەنوسێت. تۆ دەتوانیت نوسراوەکانی هێرۆدۆتس بە شیعر بهۆنیتەوە. هێشتا هەر بە نوسراوێک لەسەر مێژوو دادەنرێت.
مێژوونوس لەوە دەدوێت، کە ڕوویداوە، شاعیریش لەوەی دەشێ ڕووبدات. لەم ڕووەوە، شیعر لە مێژوو زۆرتر فەلسەفیانەیە و گرنگترە. شیعر دەستەواژەی هەمەکی و مێژوو دەستەواژەی هەندەکی هەیە. مەبەستم لە دەستەواژەی هەمەکی ئەوەیە، کە ئەو جۆرە مرۆڤە لە پێویستییدا یان بەگونجاندن دەیڵێ و دەیکات. هەرچەندە ئەمە ناوێک یان خەسڵەتێک بۆ کەسەکە دادەنێت، بەڵام ئەمە ئامانجی شاعیرە. دەستەواژەی هەندەکیش ئەوەیە لەبارەی تاکە کەسێکەوە، وەکو ئەلسیبیادیس ئەو کارەی کرد یان ئەوەی بەسەرهات، دروست دەکرێت.
لە کۆمێدیدا ئەم حاڵەتە باشتر دەردەکەوێت. شاعیر پلانەکەی

لەسەر ئەگەرەکان دادەمەزرێنێ و دوایی ناوێکی بۆ هەڵدەبژێرێت. شاعیری کۆمێدی، وەکو ئەوانەی شیعری دووبڕگەییان دەهۆنییەوە، ناو لە تاکە کەسەکان نانێن.

بەهەر حاڵ، لە تراجیدیادا ناوی قارەمانەکانی نێو مێژوو دادەنرێت. هۆی ئەمەش لەوەدایە، کە ئەوەی دەگونجێت هۆشیش پەنای بۆ دەبات. هەروەها، ئێمە دەزانین، ئەوەی ڕووینەداوە گونجاو نیە و ئەوەی ڕوویداوە گونجاوە. کەچی لە تراجیدیادا هێشتا چەند ناوێکی ناسراو بەکاردێن و ناوەکانی دیکەش[شاعیرەکە]دروستیان دەکات. لە هەندێک شیعری تراجیدیدا هیچ ناوێکی ناسراو نادۆزینەوە، بۆنموونە لە تراجیدیای ئەنسێوسی ئەگاتۆن. (7)

لەم شانۆگەرییەدا پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان زادەی بیری شاعیرەکەن، بەڵام هەر جوان و سەرنج ڕاکێشن. لەبەرئەمە، پێویست ناکات هەمیشە پاڵەوانی چیرۆکەکانمان قارەمانەکانی ناو مێژوو بن. لە ڕاستیدا ئەگەر هەمیشە پەنا بۆ قارەمانەکانی نێو میژوو بەرین

(7) ئەگاتۆن شاعیرێکی تراجیدی یۆنانییە، لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش زاینی لە شاری ئەسینا ژیاوە. یەکێک بووە لەو شاعیرانەی لە ساڵی 416 پێش زایینیدا لەو شارە خەڵاتی باشترین شاعیری وەرگرتوە و ئەفلاتونیش لە دایەلۆگی (سیمپۆزییەم) دا باسیکردوە. (وەرگێڕ)

کارەکەمان بێهودە دەردەچێت چونکە هەموو کەسێک ئەو قارەمانانە ناناسن، بەڵام چێژ لە شانۆگەرییەکە وەردەگرن.
لێرەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر داهێنەری پلانەکەیە نەک تەنیا هۆنینەوەکە. ئەو بە لاسایی کردنەوەی کردەوەکان دەبێت بە شاعیر. ئەگەر لەسەر ڕووداوێکی مێژووش شیعر بهۆنێتەوە بە شاعیر دادەنرێت چونکە ئەوانەی ڕوویانداوە هەمان کات لەو هەبووانەوە پەیدابوون، کە دەشێ ڕوویانبدایە. ئەو تەنیا لەم مامەڵەکرەدنەیدا لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا دەبێت بە شاعیر.
پلان و کردەوەی بچوک زنجیرەکە خراپ نیشان دەدەن. مەبەستم لە زنجیرە ئەوەیە، کە بەشە بەردەوامەکانی نە پێویستن و نەگونجاو.
شاعیرە خراپەکان ئەم جۆرە پلانانە بۆ شیعرەکانیان بەگوێرەی بۆچوونی خۆیان دادەنێن. شاعیرە چاکەکانیش ئەم کارە بۆ ئەکتەرەکان جێبەجێ دەکەن. شاعیری چاک پلان لەودیو تەواناى [ئەکتەرەکانەوە]دادەمەزرێنێت، بەڵام ناچاردەبێت ئاکامەکانی بگۆڕێت. تراجیدیا، کەوابوو، بەتەنیا لاسایی کردنەوەی کردەوەیەکی تەواو نیە، بەڵکو ترس و بەزەییش دەوروژێنێت. ئەم کارتێکردنەش لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە بەسەرهاتەکان بەبێ چاوەڕوان لێکردنیان

رووده‌ده‌ن و به‌دوای یه‌كدا دێن. ئه‌م به‌سه‌رهاتانه‌ سه‌رنج ڕاكێشتر ده‌بن ئه‌گه‌ر به‌ڕێكه‌وت سه‌رهه‌ڵده‌ن. ئه‌و به‌سه‌رهاتانه‌ی به‌ڕێكه‌وت و كتوپڕ په‌یدا ده‌بن سه‌رنج ڕاكێشن. بۆ نموونه‌، بكوژه‌كه‌ی (میتیس) كاتێك له‌ ئارگۆس ته‌ماشای په‌یكه‌ره‌كه‌ی (میتیس)ی ده‌كرد، له‌ پڕێكا په‌یكه‌ره‌كه‌ كه‌وت به‌سه‌ریدا و مرد. له‌و باوه‌ڕه‌داین ئه‌م جۆره‌ ڕێكه‌وتانه‌ له‌واتا به‌ده‌ر نین.
ئه‌م جۆره‌ نه‌خشه‌ و پلانه‌ له‌وانی دیكه‌ جوانتره‌.

10. پلان ساده‌ یان تێهه‌ڵكێشه‌ چونكه‌ هه‌موو كرده‌وه‌كانی نێوی ئه‌م دوو جۆره‌ن. ئه‌و كرده‌وه‌یه‌ی زنجیره‌یه‌كی به‌رده‌وامه‌ له‌ ڕووداوه‌كان و یه‌كێتیی تێدایه‌ ساده‌یه‌ و به‌سه‌رهاته‌كانی ژیانی پاڵه‌وانه‌كه‌ وه‌رگه‌ڕان و دۆزینه‌وه‌ی تێدا نیه‌. پلانی تێهه‌ڵكێش ئه‌وه‌یه‌ وه‌رگه‌ڕان، دۆزینه‌وه‌ یان هه‌ردووكیانی تێدایه‌. هه‌ریه‌كێك له‌م لایه‌نانه‌ ده‌بێت له‌نێو بونیادی پلانه‌كه‌دابێت و سه‌رهه‌ڵدانه‌كه‌ی پیویست بێت. جیاوازییه‌كی گرنگ له‌نێوان ئه‌و كۆمه‌ڵه‌ به‌سه‌رهاتانه‌دا هه‌یه‌، كه‌ پێش یان پاش به‌سه‌رهاته‌كانی دیكه‌ ڕوو ده‌ده‌ن.

11. وەرگەڕان لە نواندنی کردەوەکەدا گۆڕانە بەرەو لایەنە ناکۆکەکە بەشێوەیەکی پێویست یان گونجاو. بۆ نموونە لە شانۆگەری (ئۆدیب)دا، ئەوەی هات و ویستی هەواڵەکە بە ئۆدیب بدات و لەو خەم و ترسە سەبارەت بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دایکیدا ڕزگاری بکات، هەواڵەکە بە پێچەوانەوە دەرچوو. خەم و ترسی ئۆدیبی زۆرترکرد. هەروەها لە (لینسیۆس)دا ، داناوس لینسیۆسی بۆ کوشتن برد، بەڵام لە کۆتایی ڕووداوەدا داناوس کوژرا و لینسیۆس ڕزگاری بوو. دۆزینەوە، بەگوێرەی واتای وشەکە، گۆڕانە لە نەزانینەوە بۆ زانین و ڕق یان خۆشەویستی لە ناخی پاڵەوانەکاندا، کە چاوەڕوانی بەختی چاک یان خراپی خۆیانن، بەرجەستەدەکات. چاکترین فۆرمی دۆزینەوە ئەوەیە لە ئاکامی وەرگەڕاندا پەیدادەبێت. نموونەی ئەمەش دۆزینەوەکەی ئۆدیبە. (8)

---

(8) ئۆدیب ناوی پاڵەوانی یەکێک لە شانۆگەرییەکانی سۆفۆکلیس (406 - 496 پ.ز) بە ناوی (ئۆدیبی پاشا)یە. لەم شانۆگەرییەدا ئۆدیب، بێ ئەوەی بزانێت باوکی خۆی دەکوژێ و دایکی مارەدەکات. پاش ئەوەی ئۆدیب ئەم ڕاستییە دەدۆزێتەوە هەردوو چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێ و لەگەڵ (ئەلکترا)ی کچی شار جێدەهێڵێت. سیگمۆند فرۆید (1856-1940) گرێی ئۆدیبی لەم شانۆگەرییەوە وەرگرتوە. (وەرگێڕ) .

بێگومان دۆزینەوە جۆری دیکەشی هەیە. دۆزینەوە لەگەڵ بابەتە بێ گیانەکان و هۆدارەکانیشدا سەرهەڵدەدات. هەروەها دەتوانین بیدۆزینەوە کەسێک بەکارەکەی هەستاوە یان نا. بەڵام ئەو فۆرمەی یەکەم پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پلانەوە هەیە. ئەم جۆرە دۆزینەوەیە، لەگەڵ وەرگەڕاندا، دەبێت بە هەژێنەری هەستی ترس و بەزەیی. ئەمەش ئەو ڕۆڵەیە تراجیدیا دەیبینێت. هەروەها ئەویش بڕیاری لە کۆتایهێنانێکی خۆش یان ناخۆش دەدات.

مادامەکی دۆزینەوە پەیوەندی بە کەسایەتییەکانەوە هەیە، ئەوا دەتوانین بڵێین، دۆزینەوەیەکە لە بوونی کەسێکدا لە لایەن کەسێکی دیکەوە، بە تایبەتی ئەگەر کەسی دیکە بناسرێت. هەندێک جاریش لەسەر بوونی هەردوولا شت دەدۆزرێتەوە. (ئۆریستۆس) لە ڕێگەی نامەوە (ئیفیگینیا)ی دۆزییەوە، بەڵام دۆزینەوەی ئۆریستۆس بۆ ئیفیگینیا جیاواز بوو.

ئەم دوو بەشەی پلانەکە؛ وەرگەڕان و دۆزینەوە پەیوەندییەکەیان بەم شێوەیە بوو. بەشی سێیەم ئازار چەشتنە، کە بە ڕووخێنەر یان ئازار دروستکەر پێناسی دەکەین. (بۆ نموونە، مردن بەگشتی، برینداربوون و خەم و ئازار لەم بەشەدان).

12. ئێمە لە بەشی پێشودا باسی لایەنەکانی فۆرمی تراجیدیامان کرد. لە ڕووی چەندەکییەوە، بەو شێوەیە تراجیدیا لەم بەشانە پێکهاتوە: پێشەکی، چیرۆک، کۆتایی، کۆراڵ، کۆراڵ کە دوو بەشی هەیە دەستپێکردن و سرود. ئەم دوو بەشەی کۆراڵ لە هەموو تراجیدیایەکدا هەن. بەڵام گۆرانی لەسەر شانۆ و لاوانەوە لە هەندێک نەک لە هەموو تراجیدیایەکدا دەدۆزرێنەوە. پێشەکی لە پێش کۆراڵەوە دادەنرێت. چیرۆکەکەش بەگشتی دەکەوێتە نێوان هەردوو کۆراڵەکەوە. کۆتاییش پاش دوا کۆراڵ دێت. لە کۆراڵدا ئەو گۆرانییەی بۆ سەرەتاکە دانراوە یەکەم ئاوازە لە کۆرسەکەوە بەرزدەبێتەوە. سرودیش ئاوازێکە بەبێ شیعری دووبڕگە. لاوانەوە گۆرانییەکی پڕسۆزە، کۆرس و ئەکتەر لە گوتنیا بەشداری دەکەن. ئێمە باسی بەشەکانی فۆرمی تراجیدیامان کردووە، ئەم بەشانەی لێرەدا ئاماژەم بۆکردوون پەیوەندییان بە چەندەکی تراجیدیاوە هەیە.

13. ئەو خاڵانەی پاش ڕوونکردنەوەکەی پێشو دەمەوێت لێیان بکۆڵمەوە ئەمانەن: ئامانجی شاعیر چییە؟ لەدانانی پلانێکدا خۆی لەچی دووردەخاتەوە؟ بارودۆخی کاریگەرێتی تراجیدیا چییە؟

ئێمە لەو باوەڕەدایین تراجیدیای چاک پلانی سادەی نیە. هەروەها، دەبێت لاسایی ئەو کردەوانە بکاتەوە، کە دەبنە هۆی وروژاندنی هەستی ترس و بەزەیی. چونکە ئەمانە خەسڵەتەکانی تراجیدیان. لێرەدا دەردەکەوێت، کە سێ فۆرمی پلان هەن پێویستە لێیان دوور کەوینەوە. [ئەگەر پاڵەوانەکە کەسێکی چاک بێت]نابێت لە ڕۆڵەکەیدا بەختی لە چاکەوە بۆ خراپە بگۆڕێت؛ یان کەسێکی خراپ و خاوەن بەختێکی خراپ بەختێکی چاکی بۆ دانەنرێت. لە حاڵەتی یەکەمدا بێزاری نەک ترس و بەزەیی ئێمە دەجولێنێت. حاڵەتی دووەمیش گەلێک نا — تراجیدیانەیە و کارناکاتە سەر هەستی ترس و بەزەییمان.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو پاڵەوانەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو حاڵەتەکەوە. ئەم پاڵەوانە لە کەسانی دیکە چاکتر و دادپەروەرتر نیە. گۆڕانکارییەکەش لە بوونیدا[ لە چاکەوە بۆ خراپە]پەیوەندی بە کەمی لە ڕەوشت و بوونی ئەودا نیە، بەڵکو هۆکەی بۆ هەڵەیەک لە

ژیانیا کردوویەتی دەگەڕێتەوە. ئەم پاڵەوانە یەکێکە لەو کەسایەتییانەی جێگایەکی بەرز و ژیانێکی باشی لە کۆمەڵدا هەیە. کەسێکە، وەکو ئۆدیب، تیاستیس و زۆری دیکەش، کە لەخێزانێکی ناودارەوە هاتوون.

بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، پلانی چاک دەبێت مامەڵە لەگەڵ یەک نەک دوو کێشەدا بکات. گۆڕانکارییەکەش لە چارەنوسی خراپەوە بۆ چاک نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە لە چارەنوسی چاکەوە بۆ خراپ بێت. هۆی گۆڕانەکەش کەمی لە بوونی پاڵەوانەکەدا نەبێت و لە ئاکامی هەڵەکردنەوە دەبێ سەر هەڵبدات.

لە سەرەتاوە، شاعیرەکان هەرچ بەسەرهاتێکی تراجیدییان ببیستایە دەیانکرد بە شیعر. لەم سەردەمەدا شیعرە تراجیدییەکان بەسەرهاتی کەسانی نێو خێزانە ناودارەکان، وەکو ئەلکەمێون، ئۆدیب، ئۆریستۆس، میلیاگەر، تیاستیس، تێلەفۆس و کەسانی دیکە دەکەن بە پاڵەوانی گێڕانەوەکانیان.

چاکترین پلان لە ڕووی هونەرییەوە ئەو جۆرەیە باسمان کرد. ئەوانەی ڕەخنە لە یۆریپدس دەگرن و دەڵێن ئەم شاعیرە شیعرە تراجیدییەکانی بە ناخۆشی کۆتایی پێهێناوە بە هەڵەدا چوون چونکە

تراجیدیا کۆتاییەکی ناخۆشی هەیە.
بەرهەمەکانی یۆرپیدس لەسەر شانۆ یان لە شوێنە گشتییەکاندا، هەرچەندە کەموکورتی لە هەندێک لایەنەوە تێدایە، بە شانۆگەریی تراجیدی دادەنرێن.
پاش ئەمە، بونیادی پلان دێت، کە هەندێک دەیانەوێت لە ڕیزی پێشەوە دایبنێن. هەندێک لە پلانەکان وەکو لە (ئۆدیسە)دا دەبینرێت، دوو بونیادی هەیە و کۆتاییەکەشی بە پێچەوانەوە بۆ کەسایەتییە چاکەکان و خراپەکان ڕوودەدات. ئەم پلانە لەبەر لاوازی بیسەران بە یەکەم دادەنرێت. شاعیرەکان دوای حەز و ئارەزووی بیسەران دەکەون و بۆ ئەوان شیعر دەهۆننەوە. بەڵام ئەمە زیاتر لە کۆمیدیا هەیە و بەسەر شیعری تراجیدییادا ناسەپێنرێت. لە کۆمیدیا دوژمنانی، وەکو ئۆریستۆس و ئاگیستۆس ئاشت دەبنەوە و لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا کەس ناکوژرێت.

14. دەشێ وروژاندنی ترس و بەزەیی لە تراجیدیادا لە بینەران و بونیادی پلانەکەوە بکەوێتەگەڕ. چاکترە سەرچاوەکەی بونیادی پلانەکە بێت و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەو کەسەی پلانەکەی

داناوە شاعیری چاکە. پێویستە پلانی[تراجیدیا]بە شێوەیەک دابنرێت تەنانەت کەسێک بە بیستنی چیرۆکەکە، نەک بە بینینی ترس و بەزەیی لە دەروونیدا بهەژێت. کەسێک گوێ لە ئۆدیب بگرێت توشی ئەم حاڵەتە دەبێت. سەقامگیرکردنی ئەم کاریگەرێتییە لە دەروونی بینەراندا کەمتر هونەرمەندانەیە و پێویستی بە بەرهەم هێنانە.
ئەوانەی دەیانەوێت تراجیدیا بە بەرهەم بهێنن و گەورەیی ئەو پلانە بخەنە بەردەم بینەر و ترسەکە نەوروژێنن، پەیوەندییان بە تراجیدیاوە نیە. خەسڵەتەکانی تراجیدیا ئەوانەن باسمان کردن.
چێژ وەرگرتن لە تراجیدیا پەیوەندی بەترس و بەزەییەوە هەیە، کە شاعیر لە لاسایی کردنەوەدا دەیانوروژێنێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ترس و بەزەیی بەستراون بە بەسەرهاتەکەوە.
بابزانین چ بەسەرهاتێک دەبێتە هۆی وروژاندنی ترس نەک بەزەیی.
لە باسکردنی وروژاندنی ترسدا کەسایەتییەکانی نێو بەسەرهاتەکە هاورێ، دوژمن یان لەگەڵ یەکدیدا بێلایەنن.
ئەگەر کەسایەتییەکان دوژمنی یەکدی بن، ئەوا کردەوەکانیان بەزەیی ئێمە ناجولێنێت، مەگەر خودی ئازارچێشتنەکە کارمان تێبکات. ئەم حاڵەتە لەوێشدا دروستە ئەگەر کەسایەتییەکان بێلایەن بن.

ئازارچێشتنی تەواو لەو تراجیدیایەدا سەرهەڵدەدات، کە کەسایەتییەکان برا، باوک و کوڕ، دایک و کوڕ یان کوڕ و دایک بن و یەکێک لەم لایەنانە لایەنەکەی دیکە لەناوببات.

بەگوێرەی ئەم بۆچوونەمان، پێویستە چیرۆکە دێرینەکان، وەکو کوشتنی کلیتەمنیسترا لەلایەن ئۆریستۆسەوە و ئێریفل لەلایەن ئەلکەمیۆنەوە بەبێ دەستکاری دابنرێنەوە. هەمان کات پێویستە شاعیر بزانێت ئەم چیرۆکە دێرینانە[بۆ مەبەستی خۆی لە شیعرەکاندا] چۆن بە دروستی بەکاردەهێنێت. حەزدەکەم واتای (بەکارهێنانی دروست)لای شاعیرەوە ڕوونبکەمەوە.

دەشێ ئەوەی ترس دروستدەکات بە ئاگاوە کەسایەتییەکە بنوێنێت. کوشتنی منداڵەکانی میدیا بە دەستی میدیا لە چیرۆکەکەی یۆرپریسدا بەم شێوەیە یە. لەوانەیە ئەو کارە پڕ مەترسییە بەبێ ئاگا بهێنرێتە کایەوە و کەسایەتییەکە نەزانێت و لەدواییدا پاش ڕوودانی کارەساتەکە ترسەکەی لادروست بێت. باشترین نموونەی ئەمەش ئۆدیبە لای سۆفۆکلیس. ئەم کارە ترسناکە لە دەرەوەی شانۆگەرییەکەدایە، بەڵام دەتوانین، وەکو کارەساتەکەی ئەلکەمیۆن لە ئەستیراماسدا و تێلەگۆنیس، کە یولسیسی برینداركرد لەنێو

شانۆگەرییەکەدا دابنرێت.

حاڵەتی سێیەم لەوێدایە کەسێک بیر لەوە بکاتەوە زیانێکی کوشندە بە کەسێکی دیکە بگەیەنێت، بەبێ ئەوەی بزانێت ئەو کەسە چی ئەوە و دوایی بۆی دەرکەوێت چ کارێکی خراپی کردوە. لەگەڵ ئەمانەشدا، هەندێک حاڵەتی دیکە هەن، کە کەسایەتییەکان بەبێ ئەوەی بزانن یان بە زانینەوە کارێک دەکەن یان نایکەن،[کە دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەساتە ناخۆشەکە]. خراپترین حاڵەت لەوەدایە پاڵەوانەکە ئاگای لە کارەکەبێت و بەجێی نەهێنێت. ئەمە کارێکی نابەجێ و بێزارکەرە و لەبەر ئەوەی ئازار ناهێنێتەکایەوە لە تراجیدیا بەدەرە. بێجگە لە چەند پاڵەوانێکی کەم، وەکو هەیمۆن و کریۆن لە ئەنتیگۆندا، شاعیرەکان ئەم جۆرە کەسایەتییەیان باسنەکردووە. پاش ئەمە باسی خۆئامادەکردن بۆ هەڵسوڕانی کردەوە دەکەین. باشترین کردەوەش ئەوەیە لە سەرەتاوە ئاکامەکەی نەزانرێت و لە دواییدا بدۆزرێتەوە ئەمەش کاریگەرێتی قوڵ لە دەروونماندا جێدەهێڵێت و باشترینە. بۆ نموونە لە شانۆگەری کریسفۆتیسدا، میرۆپ نەیزانی ئەو کەسەی بە دەستی خۆی کوشتی کوڕی بوو. ئەو پاش کوشتنەکە ڕاستییەکەی دۆزییەوە. بە هەمان شێوە، ئەمە

لەنێوان خوشک و براکەدا لە شانۆگەری ئیفیگنینیا و لەنێوان دایک و کوڕەکەی لە شانۆگەری هێلەدا ڕوویدا.
ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە تراجیدیا پەیوەندی بە کەسایەتییەکانی خێزانە ناودارەکانەوە هەیە. لە ڕاستیدا بەڕێکەوت، نەک لەبەر لایەنە هونەرییەکەی، شاعیرەکان ئەم جۆرە بەسەرهاتانەیان بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکانیان داناوە. ئێستاش بە شانازییەوە ئەم کارەسات و کەسایەتییانە لە شیعرەکانیاندا باسدەکەن.
لێرەدا باسەکەمان لەسەر پلان و جۆرەکانی پلان لە تراجیدیادا تەواودەبێت.

15. چوار خاڵ سەبارەت کەسایەتییەکان هەن دەمەوێت باسیان بکەم.
خاڵی یەکەم، کە لە هەموویان گرنگترە، ئەوەیە دەبێت کەسایەتییەکان چاک بن. لەپێشتر گوتمان ئەوەی کەسایەتییەکان دەریدەبڕن و دەینوێنن شێوەی هەڵبژاردنەکەیان دەردەخات. چاکی هەڵبژاردنەکە دەکەوێتە سەر چاکی کەسایەتییەکە. ئەمەش لەنێو هەموو جۆرەکانی مرۆڤدا دەبینرێت. ژنی چاک و کۆیلەی چاکیش

هەن، هەرچەندە یەکێکیان کەمی تێدایە و ئەوی دیکەیان بوونێکی نزمی هەیە.

خاڵی دووەم، بەستراوە بە دانانی کەسایەتییەکەوە لە جێگەی خۆیدا. دەشێ کەسایەتییەکە ئازا یان زیرەک بێت، بەڵام نابێت ئەم کەسایەتییە بۆ ژن دابنرێت.

خاڵی سێیەم، لێکچونە لەنێوان کەسایەتییەکە و ڕاستەقینەدا. ئەمەش لەو دووخاڵەی پێشوتروە جیاوازە.

خاڵی چوارەم، بەردەوامییە بە درێژایی چیرۆکەکە. ئەگەر کەسایەتییەکی نابەردەوامیشمان هەڵبژارد، کە دەتوانین ئەم کارەبکەین، ئەوا دەبێت ئەو نابەردەوامییە لە بەردەوامییەکەدا بێت. نموونەی کەسایەتییەکی خراپی ناپێویست (مینەلاوس) لە شانۆگەری (ئۆیستۆس)دایە، کەسایەتییەکی نابەجێ، کە لەجێگەی خۆیدا دانەنرابێت (ئۆدیسیۆس)لە شانۆگەری (سکایلا)دا یان گوتەکەی (میلانیپا) یە. نابەردەوامیش لە شانۆگەری (ئیفیگینیا)دا لەو کاتەدا دەپاڕیتەوە نەیکوژن و لە کەسایەتییەکەی پێشو جیاوازتر دەردەکەوێت. لە دانانی کەسایەتییەکاندا، بەو جۆرەی ڕووداوەکانیش دادەڕێژین، دەبێت بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، کە پیویستە یان

دەگونجێت. دەبێت گوتە و کردەوەی کەسایەتییەکە پێویست بێت یان بگونجێت.
لێرەوە ئاشکرا دەبێت، کە ئەنجامی شانۆگەرییەکە لەنێو پلانەکەدایە و نەبەستراوە بە لایەنی تەکنیکی شانۆگەرییەکەوە. بەو شێوەیە نیە کە لە (میداس)یان لە دەرچوونی یۆنانییەکان لە (ئیلیادا) دانراوە. لایەنە تەکنیکییەکان لە دەرەوەی شانۆ گەرییەکەدان چونکە ئەو زانینەی لە ژوور دەستەڵاتی تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە یان پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیە خواکان هەیانە. ئەوان هەموو شتێک دەزانن. نابێت هیچ شتێکی نەگونجاو بخرێتە نێو ڕووداوەکانەوە. ئەگەر نەتوانین ئەم کارەش بکەین، ئەوا بەرهەمەکەمان دەبێت تراجیدی نەبێت. نموونەی ئەمەش ئۆدیبی سۆفۆکلیسە. (8)
مادامەکی تراجیدیا لاسایی کردنەوەی ئەو مرۆڤانەیە لە ئێمە چاکترن دەبێت ئێمە تەماشای نموونەی ئەو هونەرمەندانە بکەین، کە وێنەی مرۆڤە چاکەکانمان بۆ دروست دەکەن بەبێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان مرۆڤە ڕاستەقینەکان و وێنەکاندا بدۆزینەوە.

(8) مەبەستی ئەریستۆ نەزانینی ئۆدیبە سەبارەت مردنی (لایوس)، کە لە ڕاستیدا باوکی ئۆدیبە، بەڵام ئۆدیب نایناسێت و دەیکوژێت. (وەرگێڕ)

شاعیریش بەهەمان شێوە، لە وەسف کردنی کەسانێکی تورە مەزاج، هێمن یان چاک دەبێ بزانێت چۆن وێنەکانیان دەربخات. پێویستە پەیرەوی ئەم خاڵانە و ئەوانەش بکەین، کە بۆ کاریگەرێتی شانۆگەرییەک دەکەونە سەر شاعیرەکە. زۆرکەس لەم خاڵانەدا توشی هەڵە دەبن و منیش بە درێژی لە نوسراوە بڵاوکراوەکەمدا باسم کردوون.(9)

16. ئێمە بەگشتی باسی "دۆزینەوە" مان کردووە. ئەمیش چەند جۆرێکی هەیە.

یەکەم، دۆزینەوەیەک، کە لە نزمترین فۆرمی هونەرییدایە و شاعیر لە کەم تەوانایی بۆ داهێنان بە ڕێگەی هێماکان دەریدەبڕێت. هەندێک لە هێماکان بە سروشت یان زکماکی، وەکو نیشانەی سەرەڕمێک بە ناوچەوانی[ئەوانەی لە دانی ئەژدەهاوە پەیدا بوون] یان ئەستیرەکان، کە لە (تیەستێس)دا هەیە. هەندێک لە هێماکان پاش لە دایک بوونی پاڵەوانەکان پەیدا بوون، وەکو ئاسەواری بڕین و

(9) لێرەدا ئەریستۆ ئاماژە بۆ نوسراوێکی بڵاوکراوەی دەکات، کە ئەم خاڵانەی بە درێژی تیایدا باسکردوە، بەڵام بەداخەوە ئەو نوسراوە نەدۆزراوەتەوە. لەوانەیە ئەریستۆ نوسراوەکەی بە ناوی(لە سەر شاعیران)بکات، کە لەناوچوە.(وەرگێڕ)

شته دەرەکییەکانی، وەکو ملوانکە و کەشتی،کە لە (تیرۆ)دا دەدۆزرێتەوە . بەهەرحاڵ، ئەم هێمایانەش بە دوو شێواز بەکاردێن؛ چاکتر یان خراپتر. ئاسەواری برینەکەی (یۆلسس)لەلایەکەوە ژنە برین پێچەکەو دوایی شوانی بەرازەکان دۆزییەوە . ئەو جۆرە دۆزینەوانەی لە ڕێگەی هێماکانەوە دەستمان دەکەون کەمتر هونەرانەن. دۆزینەوەیەکیش کتوپڕ بێت و لە ئاکامی وەرگەڕانەکەوە بێتەکایەوە، بەو شێوەیەی لە دیمەنی (خۆشتن)دا دەردەکەوێت، چاکترە . (10) دووەم، ئەو دۆزینەوانەن شاعیر ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ دەکات. لەبەر ئەم هۆیەیە هونەری نین. بۆ نموونە، ئەریستۆس لە شانۆگەری (ئیفیگینیا)دا خۆی ئاشکرا دەکات. هەروەها کەسایەتی ئیفیگینیا بە نامەیەک دەدۆزرێتەوە، بەڵام ئۆریستۆس خۆی کەسایەتییەکەی دەردەخات. ئەمەش لەو هەڵەیەوە نزیکمان دەکاتە پێشتر باسمان کرد چونکە ئەو چەند نیشانە و هێمایەکی لەگەڵ

(10) دیمەنی (خۆشتن) بەشێکە لە (ئۆدیسە). لەم دیمەنەدا ئۆدیسێوس خۆی دەشوات و برین پێچەکە ئاسەواری برینەکەی دەدۆزێتەوە. ئەریستۆ ئەمە بە دۆزینەوەیەکی کتوپڕ دادەنێت، کە ژنە برین پێچەکە نەخشەی بۆ دانەنابوو. بەڵام لە دیمەنێکی دیکەدا، ئۆدیسێوس خۆی بەمەبەستەوە ئاسەواری برینەکەی نیشان شوانی بەرازەکان دەدات. (وەرگێڕ)

خۆیدا هێناوە. نموونەیەکی دیکە (دەنگی جۆلایی) نێو شانۆگەری (تێریۆس) ی سۆفۆکلیسە. (11)

سێیەم، دۆزینەوەیە بە هۆی یادکردنەوەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ لە بینینی شتێک بەئاگا دەبێتەوە. لە شانۆگەرییەکەی دیکەیۆجنیس بە ناوی (سیپریۆ) پاڵەوانەکە بە بینینی وێنەکە دەست دەکات بە گریان. لە چیرۆکی (ئەلسینۆس)دا، کاتێک یولیسس گوێ لە گیتار ژەنەکە دەگرێت، یادی ڕابردوو دەکاتەوە و دەگری. ئەمانە لە ئاکامی دۆزینەوەی شتێکی ڕابردوو[بە هۆی یادکردنەوە]پەیدا بوون.

چوارەم، دۆزینەوە بە ڕێگەی لێکدانەوەوە سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە، لە (کۆیفۆرۆی)دا[ئەلێکترا] دەڵێت؛ کەسێک کە لە من دەچێت هاتۆتە ئێرە. بێجگە لە ئۆریستۆس کەس لە من ناچێت. کەوابوو، ئۆریستۆس هاتۆتە ئێرە. پێشنیارەکەی پۆلیدۆس، بیریاری سەفسەتی، بۆ ئیفیگینیا لیکدانەوەیە و دەڵێت؛ دەگونجێت ئۆریستۆس بیر لەوە بکاتەوە خوشکەکەی بووە بە قوربانی و

(11) لەم شانۆگەرییەی سۆفۆکلیسدا تیریۆس زەماوەند لەگەڵ (پرۆسنە) دەکات، دوایی بە زۆر لەگەڵ خوشکەکەی پرۆسنەدا، کە ناوی (فیلۆمیلا)یە جوت دەبێت. بۆ ئەوەی کەس بەم تاوانە نەزانێت زمانی فیلۆمیلا دەبڕێت. فیلۆمیلاش مافورێک دەچنێت و وێنەی تاوانەکەی تیادا دروست دەکات. بەو مافورە دەوترێت، دەنگی جۆلایی. (وەرگێڕ) .

ئێستاش کاتی ئەوە قوربانی بدات. لە شانۆگەرییەکەی تیۆدیکتس بە ناوی (تیدیۆس)، نوسراوە؛ من هاتم کوڕەکەم بدۆزمەوە، نەک بمرم. لە شانۆگەری (فینیدەی)دا نوسراوە؛ ژنەکە بە بینینی شوێنەکە زانی دەبێت لەوێ بمرن چونکە لەو شوێنەدا دەرکەوتن.
دۆزینەوەی پێکهاتوش هەیە لە ئاکامی لێکدانەوەیەکی نادروستی بیسەرانەوە سەرهەڵدەدات. نموونەی ئەمەش لە (یولیسیس پێغەمبەری درۆزن) دایە، گوایە بێجگە لە ئەو کەسی دیکە ناتوانێت نوشتانەوەکە ڕاست بکاتەوە.
ئەمە شاعیر دروستی کردوە تاکو ئەو نوشتانەوەیە دەربخات، کە نەبینراوە. هەرچەندە[یولیسیس] خۆی بە خەڵکی لە ڕێگەی یەکەمەوە دەتوانێت بناسێنێت، بەڵام ئەو کارە ناکات و بە نادروستانە لە لێکدانەوەکەدا ڕێگەی دووەم دەگرێت. چاکترین دۆزینەوە ئەوەیە لەنێو ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت و سەرسوڕمانێکی گەورە دروست دەکات. ئەمەش لە ئۆدیبی سۆفۆکلیس و ئیفیگینیادا دەبینرێت. ئەمانە جۆری دۆزینەوەن بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هێماکان و ملوانکەکان بەرین. دوای ئەوانیش دۆزینەوەیە بە ڕێگەی لیکدانەوە.

17. کاتێک شاعیر پلانەکەی بۆ نوسین دادەنێت یان بیرۆکەکانی دەهۆنێتەوە، پێویستە دیمەنی بەسەرهاتەکان بهێنینە بەرچاوی. ئەمە یارمەتی شاعیردەدات ئەوەی دەگونجێت دایبنێ و خۆی توشی ڕووداوی نابەجێ نەکات. ڕەخنەکانی کارسینیۆس بەڵگەن بۆ ئەم خاڵە. ئەمفیاراوس لە پەرستگاکە دەگەڕێتەوە: ئەو دەیتوانی بەبێ ئەوەی کەس بیبینێت بڕوات، بەڵام نەیتوانی، چونکە بیسەران لێی ڕازی نەبوون. پێویستە شاعیر لەڕێگەی جوڵانی پاڵەوانەکانیشیەوە مەبەستەکەی خۆی دەربڕێت. بێجگە لەوەی پاڵەوانەکان تەواناى نواندنیان هەیە، ئەوەی بە ئەزموونی سۆز و عاتیفەدا تێپەڕیوە چاکتر دەورەکە دەبینێ. کەسێک بە سروشت مەزاجێکی توڕە یان شپرزەی هەبێت دەوری کەسایەتییەکی توڕە یان شپرزە بە ڕەسەنی دەبینێت. لەبەر ئەمە شیعر زادەی ئەو مرۆڤەیە بە سروشت بەهرەدارە یان جۆرە شێتییەکی تێدایە. یەکەمیان تەوانایی گونجاندنە و دووەمیان پەیوەندی بە سۆزی شاعیرەوە هەیە. چیرۆکەکەش لە شێوەیەکی سادەدا پێش تێهەڵکێشکردنی بەشەکانی زنخیرەکەی فۆرمێکی هەمەکی دەبێ بدرێتێ. ئەم نموونانە لە شانۆگەری (ئیفیگینیا)دا فۆرمە هەمەکییەکان دەردەخەن.

کیژۆڵەیەک بۆ قوربانی دادەنرێت، بەڵام پێش ئەوەی بیکەن بە قوربانی و بیکوژن، دەتوانێت خۆی ڕزگاربکات و بچێت بۆ وڵاتێکی دیکە. لەو وڵاتەدا باو بووە بێگانە بۆ خواکان بکەن بە قوربانی، ئەم کیژۆڵەیە لەو وڵاتەدا دەبێت بە پێشەوای ئایینی ئەم نەریتە. پاش ماوەیەک براکەی بۆ ئەو وڵاتە دەڕوات (چوونی براکەی پێشبین نەکراوە، ڕووداوێکی هەمەکی نیە و لە دەرەوەی پلانەکەدایە). کاتێک ئەگاتە ئەو وڵاتە دەگیرێ و بۆ خوا دەینێرن بۆ سەربڕین، بەڵام خوشکەکەی (بەو شێوەیەی یوریدیس یان پۆلیدۆس) باسیدەکات، دەیناسێتەوەو براکە دەڵێت: منیش، وەکو خوشکەکەم بۆ قوربانی دانراوم. ئەم گوتەیە ڕزگاری دەکات و لە جێگەی ئەو خوشکەکەی دەکرێت بە قوربانی. پاش ئەمە ناو لە چیرۆکەکە دەنرێت و بەشەکانی زنجیرەکەی بۆ دادەمەزرێت. بەشەکانی زنجیرەکەش جێگەی خۆیان هەیە. شێتێتی ئۆریستۆس بووە هۆی گرتنی و خۆپاکردنەوەکەشی ڕزگاری کرد.

لەشانۆگەرییدا بەشەکانی زنجیرەکە کورتن بەڵام لە شیعری قارەمانێتییدا درێژترن. چیرۆکی ئۆدیسە زۆر درێژخایەن نیە، (پیاوێک بۆ چەند ساڵێک لەدەرەوەی وڵات ژیاوە. پۆسیدن لە

نزیکەوە چاودێری دەکات و تەنیایە. لە ماڵەوە هەموو سامانەکەی خوراوە و داداگاش تاوانی کوشتنی کوڕەکەی دەخاتە ئەستۆی ژنەکەی. پاش دوورەوڵاتی و ئەو هەموو کارەساتانە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و خۆی ئاشکرادەکات. دەتوانێت بمێنێتەوە و بەسەر دوژمنەکانیا سەرکەوێت.) ئەمە ناوەڕۆکی ئۆدیسەیە و ڕووداوەکانی دیکە بەشەکانی زنجیرەکەیە.

18. هەموو تراجیدیایەک ئاڵۆزە و ئەنجامیشی هەیە. مەبەستم لە ئالۆزی کۆی ڕووداوەکانە لە سەرەتای چیرۆکەکەوە تاکو ئەو کاتەی چارەنوسی کەسایەتییەکە دەگۆڕێت. ئەنجامیش لە سەرەتای ئەم گۆڕانکارییەوە لە چارەنوسی کەسایەتییەکەوە دەستپێدەکات تاکو کۆتایی. لە شانۆگەرییەکەی تیۆدێکتس بە ناوی(لینسیۆس) ئاڵۆزییەکەی هەموو ڕووداوەکانی پێش شانۆگەرییەکە و ئەنجامەکەشی لە سەرەتای تاوانەکەوە تاکو کۆتاییەکەیەتی. لە فڕاندنی منداڵەکەوە تاکو باوک و دایکی دەگرێتەوە. بەگوێرەی ئەو بەشانەی بۆ تراجیدیامان دانا، دەتوانین بڵێین، چوار جۆر تراجیدیا هەن:

یەکەم، تراجیدیای پێکهاتوو لە وەرگەڕان و دۆزینەوە.
دووەم، تراجیدیای ئازارچێشتن، بۆ نموونە شانۆگەرییەکان سەبارەت ئەجاکس و لاکسیۆن لەم جۆرەن.
سێیەم، تراجیدیای سەر بە کەسایەتی، وەکو شانۆگەری فتیۆتیدس وپیلیۆس.
چوارەم، تراجیدیای سادە، بۆ نموونە شانۆگەری کیژۆڵەکانی فۆرسیس و پرۆمسیۆس و ئەوانەی پەیوەندییان بە جیهانی ژێر زەمینەوە هەیە، لەم جۆرە تراجیدیایەن.
لەبەر ئەمە بیروڕای جیاواز لەسەر تراجیدیا ڕەوایە چونکە هەموویان لە وەرگەڕان و دۆزینەوەدا هاوتەراز نین. هەندێک لە شاعیرەکان هۆنینەوەی تراجیدیایەکی ئاڵۆزدا سەرکەوتون، بەڵام لە دانانی ئەنجامەکەیدا سەرکەوتو نین. گرنگە تراجیدیا ئەم دوو لایەنەی تێدابێت. پێویستە شاعیر هەموو لایەن و بەشەکان شارەزایانە پێکەوە گرێبدات تاکو ناڕەوایانە، بەو شێوەیەی ئەمڕۆ دەیبینین، ڕەخنە لە شاعیر نەگیرێت. هەندێک لە ڕەخنەگرەکان داوا لە شاعیرەکانی ئەمڕۆ دەکەن چاکتر لە شاعیرەکانی پێش خۆیان تراجیدیا بنوسن. هەروەها پێویستە ئەو خاڵەش لە یاد نەکەین، کە

چەند جارێک ئاماژەمان بۆ کردوە، نابێت بۆ نوسینی تراجیدیا کەرەسەی نێو شیعری قارەمانێتی بەکاربهێنین. ناکرێت داستانی ئیلیاد بکەین بە بەرهەمێکی تراجیدی. لە شیعری قارەمانێتیدا هەر بەشە سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەڵام ئەمە لە تراجیدیادا روونادات. ئەوانەی سەرنەکەوتنی (ئیلیوم) یان کردوە بە شانۆگەری، بەشەکانیان لە یەکدی جیانەکردۆتەوە، وەکو یورپریس یان هەموو چیرۆکی (نیۆب)یان دووبارەکردۆتەوە، وەکو ئەسخیلۆس سەر- نەکەوتون، یان سەرکەوتنێکی کەمیان بەدەست هێناوە. تەنانەت ئەگاتۆن نەیتوانی لەم ڕووەوە لە کارەکەیدا سەرکەوتو بێت. هاوکات ئەم شاعیرانە لە وەرگەڕانی چارەنوسی کەسایەتییەکەیاندا و دانانی پلانێکی سادە و وروژاندنی هەست و سۆز خاوەنی بەهرەیەکی گەورەن. نموونەی ئەمەش لە کەسایەتی (سیسیفوس)دا دەردەکەوێت، کە خراپ و زیرەک بوو، بەڵام هەڵخەڵەتێنرا یان کەسێک ئازا و نا دادپەروەرە و لە جەنگدا دەدۆڕێت. ئەم ڕووداوانە دەگونجێن. ئێمە ناتوانین بە پێچەوانەی گونجاندنەوە بنوسین. ئەگاتۆن دەڵێت: دەگونجێت زۆر شتی نەگونجاو ڕووبدات.

دەبێت کۆرس، وەکو ئەکتەرەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەشێکی گرنگی هەموو شانۆگەرییەکە بێت و دەور ببینێت. وەکو سۆفۆکلیس نەک یورپریس جێگەی بۆ دابنێین. گۆرانی نێو شانۆگەریەکانی ئەمڕۆی شاعیرەکان ئەوەندە پەیوەندی بە چیرۆکەکەوە نیە، بۆیە شاعیرێکی وەکو ئەگاتۆن گۆرانی تێهەڵکێشی چیرۆکەکانی دەکات. ئایا جیاوازی لە نێوان گۆرانییە خزێنراوەکان و هەمووی چیرۆکەکە لە شانۆگەرییەکەوە بۆ یەکێکی دیکە هەیە؟

19. ئێمە لەسەر پلان و کەسایەتی دواین. ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەری بکۆڵینەوە دەق و بیرکردنەوەیە. من لەو بەشەدا، کە باسی هونەری گوتاربێژی دەکەم، واتای بیرکردنەوە ڕووندەکەمەوە، چونکە زۆرتر پەیوەندی بەو هونەرەوە هەیە. بیرکردنەوە لە زمانی پاڵەوانەکاندا بۆ سەلماندن و پوچەڵ کردنەوە یان کاریگەرێتی دروستکردن بەسەر سۆزی بیسەرانەوە، وەکو وروژاندنی ترس و بەزەیی و توڕەیی و لەم جۆرە دەردەکەوێت. هەروەها بۆ کەم و زۆرکردنی گرنگی ڕووداوەکان بەکاردێت. ئاشکرایە، کە پێویستە هاوتەرازبوون لەنێوان بیرۆکەو نواندنەکەدا دابنرێت و هەردووکیان

پێکەوە بتوانن سۆزەکان بوروژێنن. جیاوازییەکەیان لەوێدایە، کە نواندن پێویستی بە باسکردن نیە، بەڵام دەق هەمیشە دەبێت لەلایەن گوتەبێژەکەوە بوترێت و زمانیش بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت. ئایا ڕۆڵی گوتەبێژەکە چی دەبێت، ئەگەر کاریگەرێتیەکە بەبێ بەکارهێنانی زمان جێگەی خۆی بگرێت؟ کاتێک لە دەق دەکۆڵینەوە، یەکێک لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان فۆرمەکانی گوتنە: بۆ نموونە، جیاوازییەکانی نێوان گوتنی فەرمان کردن و پاڕانەوە، گێڕانەوە، هەڕەشەکردن، پرسیارکردن، وەڵامدانەوە و زۆری دیکەش لەم فۆرمانەیە. هونەری ئەم فۆرمانە پەیوەندی بە نواندن و شارەزایانی نواندنەوە هەیە. شاعیر لە بارەی ئەم فۆرمانەوە بزانێت یان نەزانێت بە دروستی باسنەکراوە و ڕەخنەی لێنەگیراوە.

پرۆتاگۆراس ڕەخنەی لە هۆمیرۆس گرتوە، گوایە (گۆرانی پرکینەی خوا) فەرمان کردنە، نەک پاڕانەوە. بۆ پرۆتاگۆراس کارێک بۆکەسێک دابنرێت فەرمان کردنە. (12)

---

(12) پرۆتاگۆراسی ئەبریرا (490- 420 پ ز) یەکیکە لە فەیلەسوفە سۆفستەکان. بێجگە لە چەند گوتەیەکی هیچ بەرهەم و نوسینێکی نەماوەتەوە. بەو گوتەیەش ناسراوە، کە مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە. ئەم گۆرانییەی ئەریستۆ ئاماژەی بۆکردوە لە بەشی یەکەمی پەڕتووکی (ئیلیاد) دانراوە. (وەرگێڕ).

20. بە گشتی "دەق" لەم بەشانە پێکهاتوە: پیت، بڕگە، پێکەوە بەستن، ئامراز، ناو، فرمان، کێشەو گوتە.

پیت دەنگێکی دابەش نەکراوە، کە دەبێت بە بەشێک لە دەنگێکی گوتراوی لێکدراودا. ئاژەڵەکانیش دەنگ دروستدەکەن، بەڵام دەنگەکانیان پیت نین. ئەم دەنگانە، بزوێن، نیوەبزوێن یان نەبزوێنن. بزوێن ئەو دەنگە بیستراوەیە، کە پێویستی بە پیتێکی دیکە نیە. نیوەبزوێن، وەکو (ڕ، س) پێویستی بە پیتێکی دیکە یە. نەبزوێنیش بە تەنیا و بەبێ دانانی دەنگێکی بزوێن لە گەڵیدا، بێ دەنگە، بۆ نموونە پیتەکانی، وەکو (د، ج) نەبزوێنن. پیتەکان لە زۆر ڕووەوە جیاوازن:

لە بەشی جیاوازی نێو گەرووەوە دەردەچن. هەندێکیان هێزدار و ئەوانی دیکە بێ هێز، کورت و درێژن، چەندەکییان گۆڕانکاری بەسەردا دێت یان پلەی بەرزو نزمییان هەیە.

لەمە زۆرتر باسی ئەم بەشانە ناکەین و بۆ ئەو خوێندکارانەی جێ دەهێڵین، کە لە هونەری هۆنینەوە دەکۆڵنەوە.

بڕگە دەنگێکی سادەی لە واتابەدەرە، کە لە دوو پیت (بزوێنێک و نەبزوێنێک) پێکهاتوە. دەنگی (گر) بەبێ (ئەلف) بڕگەیە و

لەگەڵ (ئەلف)یشدا (گرا)بڕگەیە. (13)

فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بڕگەش سەر بە هونەری هۆنینەوەن. پێکەوە بەستن دەنگێکی لەواتابەدەرە و لە پێکهێنانی بڕگەیەکی لێکدراوی پڕواتادا کارناکاتە سەر دروستکردنەکە و لە سەرەتای گوتنیشەوە بەتەنیا دانانرێت و دەکەوێتە ناوەڕاست یان کۆتاییەوە.

دەنگێکی لە واتابەدەر دەتوانێت دەنگێکی پڕ واتا لە دوو یان زۆرتر لە دوو دەنگی دیکە دروست بکات. (بۆ نموونە 'لەدەوری'، 'سەبارەت' هتد.) ئامراز دەنگێکی لەواتابەدەرە و دەکەوێتە پێش، ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەوە. هەروەها ئەو دەنگە لە واتابەدەرەیە، کە ناتوانێت بە جووت بوونی لەگەڵ دەنگەکانی تردا، دەنگێکی پڕواتا دروست بکات و جێگاشی[لە ڕستەدا] لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدایە. (14) ناو دەنگێکی پێکهاتوی پڕواتایە و لەکات بەدەرە. بەشەکانی بە جیا و بە تەنیا، واتایان نیە. لە ناوی 'تیۆدۆرس' دا

(13) زۆر لە بیریاران و ئەوانەی ئەم پەرتووکەی ئەرستۆیان بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە، دڵنیانین لەوەی ئەم نموونەیە لەم دێرەدا ئەریستۆ دایناببێت. (وەرگێڕ)

(14) دڵنیانین ئەم دێڕەش ئەریستۆ دایناببێت.

پاشگری 'دۆرس' بە جیا هیچ واتایەک نابەخشێت.(15) فەرمان (کردار) دەنگێکی پێکهاتوی پرواتایە و ئاماژە بۆ کاتێک دەکات. بەشەکانی فەرمانێش، وەکو بەشەکانی ناو بەتەنیا لەواتا بەدەرن.

ناو، بۆنموونە 'مرۆڤ' یان'سپی' پەیوەندی بەکاتەوە نیە، بەڵام کەدەڵێین 'ئەو پیاسە دەکات' یان پیاسەی کرد' مەبەستمان لە کاتی ئێستا و رابردووە. کێشەی ناو یان فرمان لەوێدا دەردەکەوێت، کە دەبێت بە ناو یان فەرمانی ئەو یان بۆ ئەو. کێشە پەیوەندی بە تاک و کۆوە یان فۆرمی گوتنەوە، وەکو پرسیارکردن، فەرمان کردن (ئایا ئەو پیاسەی کرد؟ )، (برۆ بۆ پیاسەکردن!) هەیە. گوتە ڕستەیەکی پێکهاتووە لە دەنگەکان و واتای هەیە. بەشەکانیشی بە تەنیا واتا بەخشن. ئاشکرایە، ڕستە هەمیشە لە فەرمان و ناو پێکنەهاتوە. ڕستەمان هەیە، وەکو ئەو ڕستەیەی

(15) ناو لە کات بەدەرە، چونکە بە پێچەوانەی فەرمانەوە (کردار) ڕابردوو، ڕانەبردوو یان داهاتووی نیە. هەروەها، لیرەدا ئەریستۆ ئاماژە بۆ ناوی داڕێژراو دەکات، نەک لیکدراو چونکە دەگونجێت بەشەکانی ناوێکی داڕێژراو بە تەنیا واتایان نەبێت، بەڵام ئەمە بۆ ناوی لێکدراو دروست نیە. بۆ نموونە، هاوڕێیەتی ناوێکی داڕێژراوە و شێرکۆ لێکدراوە. پاشگری هاوڕێیەتی (تی) بە تەنیا واتای نیە. (وەرگێڕ)

پیناسەی مرۆڤ دەکات، فەرمانی تێدانیە، بەڵام بەشەکانی واتایان هەیە. لە ڕستەی (سلێون پیاسەدەکات.) ناوی سلێون بە تەنیا واتا بەخشە. گوتە یان ڕستە بە دوو شێوە سادەیە:
یەکەم لەوێدا، کە واتای بابەتێک دەردەخات.
دووەمیش ڕستەیەکە لەنێوا خۆیدا چەند گوتەیەکی پێکەوە بەستۆتەوە و یەکێتییەکی بۆ دروست کردون. (ئیلیاد) گوتەیەکە، کە چەند گوتەیەکی دیکەی پێکەوە بەستۆتەوە و پێناسەشە بۆ بوونی مرۆڤ، گوتەیەکی سادەیە چونکە یەک بابەتی هەیە.

21 . دوو جۆر (ناو) هەیە: سادە و داڕێژراو. بەشەکانی ناوی سادە بە تەنیا واتا نابەخشن. بۆ نموونە بەشەکانی ناوی (زەوی) لە واتا بەدەرن. دەگونجێت بەشێکی ناوی داڕێژراو پڕواتاو بەشەکەی دیکەی لە واتا بەدەربێت، یان هەردوو بەشەکەی واتای هەبێت. هەندێک ناوی داڕێژراو لە دووبەش زۆرتریان هەیە، بۆ نموونە (هێرمۆ کەیکۆکسن تیۆس). گرنگ نیە ناو چ بونیادێکی هەبێت، بەڵام هەمیشە ناوێکە باو یان ناباو، میتافۆر، بۆ جوانی، داهێنراو، درێژکراوە، کورتکراوە و داڕێژراوە. ناوی باو بەگشتی لە شوێنێکدا و

به بڵاوی بەکاردێت و ناباویش ئەو ناوەیە، کە لەو شوێنەدا بەکارنایەت و لە شوێنێکی دیکەدا بەکاردێت. ناوێک لای دانیشتوانی دوورگەی قوبرس دەشێ باو بێت و بەبڵاوی بەکاربێت، بەڵام لای دانیشتوانی شاری ئەسینا کەم بەکاردێت و باو نیە. مێتافۆر ناودانانە بۆ شتێک، کە ئەو ناوە لە شتێکی دیکەوە وەرگیرابێت. ئەم ناو گۆڕانە لەنێوان جۆری گەورە و جۆری بچوک یان لە نێو جۆرە بچوکەکاندا ڕوودەدات و دەکەوێتە سەر لێکچونیان. نموونەی ناو گۆڕان لە جۆری گەورەوە بۆ جۆری بچوک لەوێدایە، دەڵێم 'کەشتیەکەم وەستاوە' لێرەدا لەنگەرگرتنی کەشتی جۆرێکە لە وەستان. لە ناو گۆڕان لە جۆری بچوکەوە بۆ گەورە؛ دەڵێم 'یولیسۆس دەهەزار چاکەی کردووە'. دەهەزار ژمارەیەکی گەورەیە لە جێگەی 'زۆر' دامانناوە. لە جۆری بچوکەوە بۆ جۆری بچوک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت. کە دەڵێم ' بە برۆنز ژیان کۆتایی پێدێت'. و 'بە برۆنز ئاویش دەبڕین'.(16) لێرەدا بڕین و کۆتایی پێکهێنان

(16) ئەریستۆ ئەم نموونەیەی لە شیعرێکی ئیمپادۆکلیسی فەیلەسوفەوە وەرگرتوە (درێژی ژمارە 138 و 143 لە شیعرەکانی ئیمۆادۆکلیس). ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لە برۆنز(ڕم)بۆ مرۆڤ کوشتن و(جام)بۆ ئاوخواردنەوەش دروست دەکرێت. (وەرگێڕ)

واتای (بردن) دەبەخشن[لە ڕستەی یەکەمدا ژیان و لە دووەمدا ئاو دەبرێت.]

لێکچونیش ئەو واتایە دەبەخشێت، کە لەنێوان چوار ناودا هەموویان لەیەکدی دەچن. دەتوانین دووەمیان لە جێگەی چوارەم و چوارەمیش لە جێگەی دووەم دابنێین. هەندێک جار ئەو شتەی ناوێکی لێکچوی بۆ دادەنێین لە دەربڕینەکەدا دەردەکەوێت و ناشارێتەوە. پەیوەندی نێوان جامەکەی دیۆنیسس، وەکو پەیوەندی نێوان قەڵغانەکە و ئاریسە. دەتوانین بە جامەکەی دیۆنیسس بڵێین قەڵغانی دیۆنیسس و بە پێچەوانەشەوە دروستە. لە نموونەیەکی دیکەدا، دەڵێین، پیری بۆ تەمەن ئێوارەیە بۆ ڕۆژ. لێرەدا ئێوارەمان بۆ پیری تەمەن داناوە، یان ئیمپادۆکلیس گوتەنی؛ پیری خۆر ئاوابوونی ئێوارەیە؛ (17) لەوانەیە ئەو ناوانەی پەیوەندییەکە لەگەڵ شتێکدا دروست دەکەن بەبێ ئەو پەیوەندییە واتا نەبەخشن. بۆ نموونە، بڵاوکردنەوەی تۆو لە زەوییدا بە 'تۆو چنین' دادەنرێت، بەڵام ناومان بۆ بڵاوبوونەوەی ئاگر لە خۆرەوە نیە. ئەم کارە بێ ناوە، وەکو تۆو لەگەڵ زەویدا،

(17) ئەم دێرەش لە شیعرەکەی ئیمپادۆکلیسەوە (ژمارە دێری 152) وەرگیراوە. (وەرگێڕ)

پەیوەندی بە شتێکەوە (تیشکی خۆر)هەیە، بۆیە شاعیر دەڵێت، (خوا تۆوەکانی ڕژاند و ئاگری دروست کرد.) (18)

جۆرێکی دیکەی مێتافۆریش هەیە. دەتوانین لەگەڵ ڕەتدانەوەی خەسڵەتی ناوێک ئەو ناوە لە شتێک بنێین، کە پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. بە قەڵغانەکەی ئاریس ناڵێین جامی ئاریس، بەڵکو ئەو جامەی شەرابی تێدا نیە.

ناو بۆ جوانی و ڕازانەوە ئەو یەکە...(19)

ناوی داهێنراو بەو جۆرە ناوە دەگوترێت، کە هەموو کەسەکان بەکاری ناهێنن و نازانن و شاعیر دایدەهێنێت. لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەم جۆرە ناوەمان لەبەر دەستدایە؛ شاعیر ناوی چوزەرە بۆ شاخی ئاژەڵ و بانگەوازکەر بۆ کەشیش دادەنێت. ناوێک درێژ دەکرێتەوە ئەگەر بزوێنە کورتەکەی درێژ بکرێت یان

---

(18) ئێمە نازانین ئەریستۆ ئەم دێڕە شیعرەی لە کوێوە وەرگرتوە. سەرچاوە ئینگلیزییەکانیش ئاماژەیان بۆ سەرچاوەکەی نەکردوە. (وەرگێڕ)

(19) بەداخەوە لە نوسراوە یۆنانییەکەی ئەریستۆدا ئەم بەشە دانەنراوە و لەناوچووە، بۆیە بۆسەر هیچ زمانێکی دیکە وەرنەگیراوە. (وەرگێڕ)

بڕگەیەکی دیکەی بخرێتە سەر. بۆنموونە ناوی (پۆلۆس) دەکەین بە (پۆلیۆس) یان (پێلیادۆ) دەکەین بە (پێلەی دۆ). ئەمەش لە ناوی (پێلیۆس)ەوە هاتوە، کە واتای (کوڕ) دەبەخشێت. ناوی کوڕیش ئەو دەنگەیە، کە بەشێکی لێ سەنراوە. بۆ نموونە، ناوی (کریتێ)، کەواتە (جۆ) کردوومانە بە (کری) یان (دۆما) واتە خانو یان ماڵ، گۆڕیومانە بۆ (دۆ) و (ئۆپسس)، کە واتای بینین دەبەخشێت، کراوە بە (ئۆپس).

ناوی داڕێژراو ئەو جۆرەیە، کە بەشێکی لابراوە و دەنگێکی دیکەی خراوەتەسەر.

ناو هەیە نێرینە، مێینە، یان بێ لایەن. ئەو ناوانەی کۆتاییان بە دەنگی ( n, r, s) یان لە پێکهاتەدا بە ps, ksدێت نێرینەن. ئەو ناوانەی بزوێنی دەنگداری ( e, o ) یان بزوێنی درێژی a دەکەونە کۆتاییانەوە میینەن. لەم ڕووەوە ژمارەی ناوە نێرینەکان و مێینەکان بەرانبەن. هیچ ناوێک کۆتایی بە دەنگێک نەبزوێن یان بزوێنی کورت نایەت. تەنیا سێ ناو کۆتاییان بە (i) دێت.

بۆ نموونە (meli, kommi, pepri)، پێنج ناویش، وەکو

(doru, pou, napu, gonu, astu) کۆتاییان بە (u) دێت.
ئەو ناوانەی بێ لایەنن، نێرینە و مێینە نین، کۆتاییان بە چەند بزوێنێک (n, r, s) یش دێت. (20)

22 . چاکترین ئەوەیە، کە واتاکەی ڕەوانە و ناشرین نیە. ڕەوانترین دەقیش لە وشە باوەکان پێکهاتوە، بەڵام لەوانەشە وەکو شیعرەکانی سلیۆفۆن و سیێلیس دەقێکی ناشرین بێت.
بە پێچەوانەشەوە، دەقێک نایاب و زۆرتریش لە پەخشانەوە دوورە ئەگەر لە وشەی باوەکان پێکنەهاتبێت؛ بۆ نموونە وشەی داهێنراو، میتافۆر و درێژکراوەی تێدابێت و لە گوتەی باوی ڕۆژانەوە جیاوازبێت. ئەگەر بە تەنیاش ئەم جۆرە وشانە بەکارهێنرا ئەوا دەستەواژەکان دەبن بە مەتەڵ یان گوتەی بێ سەروبەر. مەبەستم لە مەتەڵ ئەوەیە، کە باسی فاکتۆرێک بە ڕێگەی پێکەوەبەستنێکی نەگونجاوی وشەکانەوە دەکات. (کە بێجگە لە میتافۆر هیچ

(20) پێویستە خوێنەر بزانێت، کە ئەریستۆ لەم ڕوونکردنەوەیەدا مامەڵە لەگەڵ (ناو) لە زمانی یۆنانییدا دەکات. لە زمانی کوردییدا، بە تایبەتی شیوەزمانی کرمانجی باشور (سۆرانی) نێرینە و مێینە نین. (وەرگێڕ)

ڕێگەیەکی دیکەی دەربڕین، دەربڕینی بۆ دانانرێت). بۆ نموونە، دەڵێێن؛ 'کەسێکم بینی مسی بە ئاگر دەنوساند بە کەسێکی دیکەوە.' (21) هەروەها بەکارهێنانی وشەی داهێنراو بە تەنیا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گوتەی بێ سەروبەر. (22) .

لەبەر ئەمە تێکەڵ کردنی ئەم دوو جۆرە پێویستە:
یەکەمیان دەقەکە لە گوتەی باو دووردەخاتەوە و ناشرێنی ناکات (بۆ نموونەی وشەی نەباو، میتافۆر، جوانکار هتد بەکاردەهێنین).
دووەمیش، دانانی وشەی باو واتای دەقەکە ئاشکرا دەکات. لەمەش گرنگتر، بۆ دانانی دەقێکی جوان و ڕەوان بەکارهێنانی وشەی درێژ و کورت کراوە و داڕێژراوە. بە دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی گوتەی

(21) ئەم مەتەڵە بۆئەو پزیشکە دادەنرێت، کە بە جامی گەرمکراوی مس لەسەر برینێک بۆ خوێن دەرهێنان دادەنرێت. ئەمە ڕێگەیەکی دەرهێنانی خوێن لە برینەوە بوە لەو سەردەمەدا. (وەرگێڕ)

(22) هەندیک جار لەجێگەی (بێ سەروبەر) وشەی (Barbarism) دانراوە. هەڵبەتە مەبەست ئەوەیە، کە کەسێک نەزان و خاوەنی شارستانیەت نەبێت، ئەوەی باسیدەکات بێ سەروبەرە چونکە نەزانە. (وەرگێڕ)

ڕۆژانە دەقەکە جوانتردەبێت، چونکە ئێمە لەگەڵ ئەو دەقەدا ڕانەهاتوین. هەمان کات جۆرە هاوبەشییەکی لەگەڵ گوتەکانی ڕۆژانەدا هەیە و واتاکەی ئاڵۆز و شارەوە نیە.

لەبەر ئەمە، ڕەخنەگرتن لەو شاعیرانەی ئەم شێوە دەقانە دادەنێن کارێکی ناڕەوایە. ئیۆکلید، بۆ نموونە دەڵێت؛ ئەگەر ڕێگە بە هەموو کەسێک بدرێت وشەکان درێژ بکەنەوە، دەبن بە شاعیر. چەند شیعرێکیشی [بۆ گاڵتەپێکردن بە شاعیر] هۆنیوەتەوە و دەڵێت، 'ئەپیکارس بەرەو گۆڕەپانی پێشبڕکێکە ڕۆی، یان ئەو دەرمانی هیلەبۆری تێکەڵ نەکرد'، (23) بێگومان، بەکارهێنانی ئەم شێوازە بێهودەیە، بەڵام مامناوەندێتی لە بەکارهێنانی وشەدا لە شیعر هۆنینەوەدا کارێکی چاکە. ئەگەر مێتافۆر و وشە داهێنراوەکان بەم شێوەیە بەکارنەهێنران کەسانی دیکە بە شاعیر پیدەکەنن. بەکارهێنانی گونجاو کارێکی چاک و جیایە. بۆ ئەوەی جیاوازییەکەی ببینین، دەبێت دێری شیعرێکی قارەمانێتی دەربهێنین و وشە باوەکانی بۆ دابنێین. هەروەها دوایی هەموو وشەکانی بکەین بە مێتافۆر و داهێنراو. ئەسخیلۆس و یورپیدس شیعریان لە وشەی

(23) هیلەبۆر hellebore ناوی دەرمانێکە لەکۆندا بۆ نەخۆشی مێشک یان شێت بوون بەکارهاتوە. (وەرگێڕ)

دووبڕگەیی هۆنیوەتەوە. بەلاّم لەگەڵ دانانی ئەو وشانەدا، کە باو نین شیعرەکانیان جوان بووە.

ئەسخیلۆس لە شیعرەکەیدا (فیلۆسیتیس) دەنوسێت: (ئەو کرمەی گۆشتی پێم دەخوات)؛ یۆرپیدس لە جێگەی (دەخوات) وشەی (جەژن کردن)ی بەکارهێناوە. هەروەها ئێمە دەتوانین لە جێگەی 'کەم و بێ هێز و مرۆڤێکی چارەگران' وشەی، وەکو ناشرین دابنێین.

هەروەها لەجێگەی 'کورسییەکی کۆن و مێزێکی کورت' بڵێین کورسی پلە - دوو لەگەڵ مێزێکی بچوک. بەکارهێنانی ئەو وشانەی باو نین دەقەکە دەکەن بە دەقێکی شیعری؛ بەلاّم ئەریفرادس بەمەی نەدەزانی. ئەم بەکارهێنانە لە شیعردا کارێکی گرنگە. لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە شاعیر لە بەکارهێنانی میتافۆردا مامۆستابێت. ئەم هونەرەش لە کەسێکی دیکەوە وەرناگیرێت و نیشانەی بلیمەتییە، چونکە میتافۆر ناسینەوەی لێکچونە لەنێو شتە لێکنەچوەکاندا.

لەنێو جۆرەکانی وشەدا باسمانکردن، وشە دارێژراوەکان بۆ شیعری گۆرانی و ئەوانەی باو نین بۆ شیعری قارەمانێتی، میتافۆریش بۆ

شیعری دووبڕگەیی چاکن. شیعری قارەمانێتی سود لە هەموویان وەردەگرێت. بەڵام شیعری دووبڕگەیی پەنا بۆ زمانی خەڵکی دەبات.

23. ئێمە باسی تراجیدیامان کرد. ئەو شیعرەی گێڕانەوە دەهۆنێتەوە پلانەکەی دەبێت وەکو پلانی تراجیدیا بێت. پێویستە یەک بەسەرهات (کردەوە) بە سەرەتا و ناوەراست و داهاتووەوە تێدا بێت و خۆشیش بێت. نابێت لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی نێو مێژوو بچێت. مێژوو لە بارەی ڕووداوێکەوە نیە، بەڵکو لە بارەی قۆناخ یان سەردەمێکەوەیە و چەند پاڵەوانێکی تێدا دەور دەبینن، دەشێ ڕووداوەکانیش پەیوەندییان بە یەکدییەوە نەبێت. چەنگی دەریایی لە سەلامیس و جەنگ دژی کارتەگیینانسەکان لە سیسلی، کتوپڕ ڕوویان داو یەک ئامانجیان نەبوو. هەندێک لەو باوەڕەدان شاعیرەکان ئەم جیاوازییە نابینن.

بەگوێرەی ڕوونکردنەوەکەمان، هۆمیرۆس لە شاعیرەکانی دیکە بلیمەتتر دەردەکەوێت. هەرچەندە جەنگی تراجۆن داستانێکی تەواوە، سەرەتا و کۆتایی هەیە، بەڵام مامەڵەی لەگەڵ هەموو داستانەکە نەکرد و بە داستانێکی درێژخایەنی داناوە. ئەو بەشێکی داستانەکەی

دەرهێناوە و جەختی لەسەرکردوە. چەند بەشێکی دیکەی بە زنجیرە لەگەڵیا داناوە، بۆ نموونە بەشی (کەتەلۆگی کەشتییەکە)ی بە ناوەڕۆکی پلانەکەی داناوە.

شاعیرەکانی دیکە، لە شیعرەکانیاندا، مامەڵەیان لەگەڵ تاکە کەسێک، سەردەمێک یان بەسەرهاتێک کردووە. هەرچەندە لایەنی جیاوازیشیان هەبووە. ئەوانەی سیپریا و ئیلیادی بچوکیان نوسیوە لە ڕیزی ئەم شاعیرانە دادەنرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە یەک یان دوو تراجیدیا لە ئیلیاد و ئۆدیسەدا هەن. بەڵام زۆر تراجیدیا لەنێو داستانەکانی سیپریا و ئیلیادی بچوکدا هەن زۆرتر لە هەشت تراجیدیاش لەنێو ئەم داستانانەدا هەن (بڕیاردان لەسەرچەک، فیلۆکتیتس، نیۆپتۆلیمۆس، یۆریپیلۆس، دەستکورتی، ژنەکانی سپارتا، ڕوخانی ترۆی، گەشتی دەریای کەشتیەکە، وسینۆن).

24. بێجگە لەوە، شیعری قارەمانێتی، وەکو تراجیدیا چەند جۆرێکی هەیە؛ سادە یان پێکهاتەیە، سەبارەت بە کەسایەتی یان ئازارچێشتنەوەیە. بەشەکانیشی، بێجگە لە گۆرانی و دیمەن، وەکو بەشەکانی تراجیدیایە. پێویستە وەرگەڕان و دۆزینەوەشی تێدابێت.

دواجاریش، پێویستە دەق و بیرکردنەوە چاک بن. هەموو ئەم لایەنانە لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا دەدۆزرێنەوە و شارەزایانە بەکاریهێناون. ئیلیاد و ئۆدیسە دوو نموونەی شیعری چاکن. شیعری ئیلیاد سادەیەو داستانی ئازارچێشتنە. ئۆدیسەش پێکهاتەیە و دۆزینەوەکەی تیایدایە کاریگەرە. دەتوانم بڵێم لەسەرو ئەمەشەوە، لە رووی دەق و بیرکردنەوەشەوە لە هەموو شیعرەکانی دیکە جوانترن.

خەسڵەتێک لە شیعری قارەمانێتیدا هەیە، کە لە تراجیدیادا نیە. ئەمەش دریژخایەنی و مەودای ئەم جۆرە شیعرەیە. پێناسەکەمان بۆ درێژخایەنی شیعرێک، بەو شێوەیەی باسمانکرد، دەبێت لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی لە بینینێکدا تەواوبێت. ئەمەش بۆ ئەو شیعرانە دەگونجێت، کە لە شیعرە کۆنەکان کورترن یان ئەو شیعرە تراجیدیایانەن لە دانیشتێکدا تەواو دەبن. (24)

شیعری قارەمانێتی سەچاوە و کەرەسەی بۆ درێژکردنەوەی بەسەرهاتەکان لەبەردەستدایە، بەڵام لە تراجیدیادا ناکرێت باس لە هەموو شتێک بکرێت و ئەو دەورانە هەڵدەبژێرن، کە گرنگن و

---

(24) درێژی ئیلیاد پانزەهەزار دێر و ئۆدیسە لە دوانزەهەزار زۆرترە. (وەرگێر)

کەسایەتییەکان دەردەخەن. لە شیعری قارەمانێتیدا، لەبەر ئەوەی دەیگێڕینەوە، دەکرێت ئاماژە بۆ گەلێک لایەن و بەشی چیرۆکەکە بکەین. ئەگەر ئەم لایەنانە پەیوەندییان بە ڕووداوەکانەوە هەبێت، کاریگەریێتی زۆرتر بە شیعرەکە دەدەن. ئەمە خەسڵەتی شیعری قارەمانێتیە. دەبینین ئەم جۆرە شیعرە پلانێکی گەورە و ڕووداو و لایەنی جیاواز و زۆرتری پێویستە. بەڵام ئەم خەسڵەتە بۆ تراجیدیا نابێت و بەڵکو دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی.

سەبارەت بە دەق، شیعری قارەمانێتی پێویستی بە ڕووداوی قارەمانانە هەیە، ئەگەر بە جۆرێکی دیکە دەقەکە بهۆنینەوە، لەم شێوازە لادەدات. دەقی شیعری قارەمانێتی سەر بە پلانێکی گەورەیە و لەو شیعرانە چاکتر لەنێو خەڵکدا خۆی دەکاتەوە، کە وشە باوەکان بەکارناهێنن و پەنا بۆ میتافۆر دەبەن. خشتەی دووبڕگەیی (یەکەمیان بێ هێز و دووەمیان هێزدار) بۆ کردەوە و خشتەیەکی دووبڕگەیش (یەکەمیان هێزدار و دووەمیان بێ هێز) بۆسەماکردن دەگونجێن. تێکەڵکردنی ئەم مەودایانە لە شیعرێکدا، بەو شێوەیەی کەیریمۆن لە شیعرەکانیدا دایناوە، ناسروشتانەیە. لەبەرئەمە، شاعیرەکان هەوڵیان نەداوە پلانێکی درێژخایەن، بێجگە لە شیعری

قارەمانێتیدا، لە جۆرەکانی دیکەی شیعردا دابنێن. سروشتی شیعرەکانیش فێرمان دەکات چ مەوداو چیرۆکێکی گونجاو هەڵبژێرین. هۆمیرۆس لە شاعیرەکانی دیکە چاکتر پەیڕەوی ئەو خاڵانەی کردووە و شیعری قارەمانێتی نایابی هۆنیوەتەوە. شاعیر نابێت باسی خۆی لە شیعرەکاندا بکات چونکە مەبەستی شاعیر لاسایی کردنەوەی خۆی نیە. شاعیرەکانی دیکە کەمتر لاسایی دەکەنەوە و زۆرتر باسی خۆیان دەکەن. بە پێچەوانەی ئەوانەوە، هۆمیرۆس پاش دانانی پێشەکییەکی کورت باسی کەسایەتییەکانی نێو شیعرەکەی دەکات و بەسەرهاتەکانیان دەگێڕێتەوە. ڕۆڵێکی تایبەت بۆ هەریەکێک لەو کەسایەتییانە دادەنێت.

سەرسوڕمان بۆ کاریگەرێتی تراجیدیا پێویستە. هەرچەندە شیعری قارەمانێتی بەرفراوانە و پلانێکی درێژخایەنی هەیە، دەتوانین گەلێک شتی نەگونجاوی تێدا باسبکەین، بەڵام سەرسوڕمان لەوێدا سەرهەڵدەدات، کە کەسایەتی و کارەساتەکان دیارنەبن و چاوەڕوان نەکرین.

دیمەنی گەڕان بە دوای هیکتەردا و سەرجوڵانی ئەسخیلۆس بۆ وەستانی یۆنانییەکان، لەسەر شانۆ بایەخی نیە، بەڵام لە شیعرەکەدا

جوانه. سەرسوڕمان دەبێتە هۆ بۆخۆشی و چێژوەرگرتن لە شیعرەکە ئەمەش دەبێت بە هاندەر بۆ شاعیر بەسەرهاتەکان دابهێنێت و ڕووداوی داهێنراو، لەنێو شیعرەکانیدا باسبکات و بیسەر بهەژێنێت.

هۆمیرۆس شاعیرەکانی دیکەشی فێری شیعر هۆنینەوە کردووە.

مەبەستم لەمەش بەکارهێنانی (paralogism) ە. هەندێک لەو باوەڕەدان ئەگەر شتێک هەبێت یان بەسەرهاتێک ڕوویدات، شتێکی دیکە یان بەسەرهاتێکی دیکەش لەگەڵیا ڕوودەدات. بەم شێوەیە ئەم کەسانە گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی، مادامەکی شتی دووەم یان بەسەرهاتی دووەم ڕویداوە و هەیە، ئەوا دەبێت شتەکە و بەسەرهاتەکەی پێش ئەویش هەبێت. بەڵام ئەم ئاکامە ناڕاستە. ئەگەر بەسەرهاتی پێشو نادروست بێت و هێشتا لەو باوەڕەدابین بوونی ئەم بەسەرهاتە دەبێتە هۆ بۆ سەرهەڵدانی بەسەرهاتەکەی دیکە. ئێمە بەسەرهاتی دووەم دەدۆزینەوە و بە ڕاستی دادەنێین، لەسەر ئەم گریمانەیەوە، کە بەسەرهاتی دووەم ڕاستە، دەگەینە ئەو باوەڕەی بەسەرهاتەکەی پێشوتریش ڕاست بێت.

بۆ نموونەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش، لە دیمەنی (خۆشتن) ە کەی نێو ئۆدیسەدا دەدۆزرێتەوە. (25) پێویست ناکات ڕووداوە

نەگونجاوەکان تێهەڵکێشی شیعر بکرێت. ئەگەر نەتوانرا ئەمە بکرێت، دەتوانین لە دەرەوەی گێرانەوەکە دابنرێن. بۆ نموونە بێ ئاگایی ئۆدیب، لە کوشتنی باوکی و ڕاپۆرتی کایەکانی پییتیان لە شیعری ئێلیکترا دا یان ئەو پیاوەی لە شیعری میسیانەکاندا لە تیگیاوە بەپێ بۆ مایسیا دەروات و بە درێژایی گەشتەکە قسەناکات، ناخرێنە نێو دەقەکەوە.

دەرهێنانی ئەم جۆرە ڕووداوانە شیعرەکە تێکنادات، بەڵکو دانانیان لە جوانی شیعرەکە کەم دەکاتەوە. مامەلەکردن لەگەڵ دەقدا شارەزایانە گرنگە. لەو دیمەنانەدا، کە نواندن و کردەوە ڕۆڵیان کەمە، دەبێت دەق بایەخی پێبدرێت. بە پێچەوانەشەوە دروستە.

(25) من لەپەراوێزی ژمارە (10) دا باسی دیمەنی (خۆشتن) م کردووە. ئەریستۆ ئەم دیمەنەی جارێکی دیکە بۆ سولماندنی بۆچوونەکەی باسکردوە. ئەم جۆرە سەلماندنە لۆجیکمەندانەیەی بە ئاکامی ناڕاستمان دەگەیەنێت، پەیوەندی بە ناڕاستی پێشەکییەکانەوە هەیە. بۆ نموونە دەڵێین: ئەگەر ئەو کەسەی خۆی دەشوات ئۆدیسە بێت، پێویستە ئاسەواری برینەکە بە لەشییەوە دیاربێت. بەڵام ئەم ئاکامە زەروری نیە و دەشێ ناڕاست بێت. دەگونجێت ئەو کەسەی خۆی دەشوات ئاسەواری برین بەسەر لەشییەوە هەبێت و ئۆدیسەش نەبێت. (وەرگێڕ)

25. ئێمە دەتوانین گرفتەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەستنیشان بکەین ئەگەر بەم شێوەیە ڕیزیان بکەین:
یەکەم، شاعیر، وەکو هونەرمەندی شێوەکاری لاسایی کەرەوەیە. بابەتی لاسایی کردنەوەکەشی یەکێکە لەم سیانە: بابەتێکە لە پێشتر هەبووە یان هەیە، بابەتێکە باسی دەکرێت یان بیری لێدەکرێتەوە هەبێت، شتێکە دەبو ببوایە. شاعیر ئەم بابەتە بە ڕێگەی زمان و بە تێکەڵکردنی ئەو وشانەی باو نین و میتافۆر و فۆرمی جیاوازی دەق بەکاردەهێنێت. ڕاستی لە شیعردا لە ڕاستی ڕامیارییەوە جیاوازە. بەگشتی دوو جۆر ناڕاستی یان هەڵەکردن لە شیعردا ڕوودەدەن. یەکەمیان بنەڕەتی و دووەمیان ڕێکەوتە. ئەگەر شاعیرێک بیەوێت گێڕانەوەی بەسەرهاتێک بهۆنێتەوە و لە دەربڕینەکەدا سەرکەوتو نەبێت ئەوا هونەرەکەی کەموکورتیەکی تێدایە. لەکاتێکدا لە شیعرەکەدا باسی شتێک بکات، کە نەگونجێت، بۆنموونە دوولاقی لای ڕاستی ئەسپێک، لەیەک کاتدا بۆپێشەوە دەجولێن، یان هەڵەیەکی پزیشکی، ئەمە پەیوەندی بە تەواناى نوسینی شاعیرەوە نیە.
ئێمە بەم خالانەی خوارەوە وەڵامی ئەوانە دەدەینەوە، کە ڕەخنە لە شاعیرەکان لە بارەی ئەو گرفتانەوە دەگرن باسمان کردن.

یەکەم سەبارەت هونەری هۆنینەوەیە. گوایە بە گێڕانەوەی ڕووداوێکی نەگونجاو شاعیر توشی هەڵە دەبێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەم گێڕانەوەیە، ئەگەر بۆ گەیشتن بە کۆتایی بێت، کارێکی ڕەوایە. گەڕان بەدوای هیکتەردا، نموونەی ئەم جۆرەهەڵەیە یە. ئەگەر شاعیر بە ئاکامی چیرۆکەکەی نەگەیشتایە و هۆنینەوەکەی لە پلەیەکی جوان و بەرزدا نەبووایە، ئەوا ڕووداوە نەگونجاوەکە جێگای خۆی لە شیعرەکەدا نەدەکردەوە و هەڵەدەبوو. دەشێ کەسێک ئەو پرسیارەمان لێبکات، کە ئەم جۆرە هەڵەیە پەیوەندی بە بنەڕەتی شیعر نوسینەوە هەیە یان ڕێکەوتە. لێرەدا هەڵەکە ئەوەندە زەق دەرناچێت ئەگەر لەنەزانی شاعیرەوە ڕووبدات، بۆنموونە شاعیر نەزانێت، کە ئاسکی مێ شاخی نیە و وێنەیەکی نادروستمان بۆ بەرجەستە بکات. ئەوانەی ڕەخنە لە شاعیرەکان دەگرن و لەو باوەڕەدان بابەتی شیعرەکانیان ناڕاستە و پەیوەندی بە داکەوتەوە نیە، ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین، بابەتەکەیان ئەوشتەیە، کە دەبوایە یان دەشێ هەبێت. بابەتی شیعرەکانی سۆفۆکلیس بەوجۆرەیە شاعیر لەو باوەڕەدایە، کەدەبوایە بەو شێوەیە هەبوایە و بابەتەکانی یۆرپیدۆسیشە ئەوەیە، کە هەیە.

ئەگەر بابەتی شیعرەکە ناڕاست بێت و بەو شێوەیەش نەبێت، لای شاعیر دەبوایە وابوایە، ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین، بابەتەکە بەگوێرەی بۆچوونی شاعیرەکە دانراوە. شیعرەکان لە بارەی خواکانەوە زینۆفانس دروست بۆی چووە، کە ناڕاستن، بەڵام ئەمە بۆچوونی ئەو کەسانەیە باوەڕیان بەخواکان هەیە.(26)

لە وەڵامی هەندێک ڕەخنەی دیکەدا دەڵێین، ئەو شتانەی شاعیر باسیان دەکات لە سەردەمی خۆیاندا بەو شێوەیە بوون. بۆ نموونە، شاعیر دەڵێت، 'ڕووی سەری ڕمەکانیان لە ئاسمان بوو.' ئەمە نەریتی سەربازی ئەو سەردەمە دەردەخات، کە ئێستا لای ئیلیارییەکانیش شتێکی باوە.

هەندیک پرسیار لە بارەی لایەنی چاکە و خراپەی ئەو شتانەوە لە شیعردا دەکات، کە دەگوترێت یان دەکرێت. لێرەدا ئێمە نابێت تەنیا لە چۆنیەتی شیعرەکە بدوێین. پێویستە ئاوەڕ لە کەسایەتی و پاڵەوانەکانی نێو شیعرەکەش بدەینەوە، کە گوتەکە لەسەر زاری

---

(26) زینۆفانس(سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە) شاعیر و فەیلەسوفی یۆنانییە ڕەخنەی لەو بۆچوونە ئایینیانە گرتووە، کە خواکانی لەشێوەی مرۆڤدا باسکردوە. (وەرگێڕ)

ئەو دەردەبڕێت و کارەکەش بە ئەنجام دەگەیەنرێت. پێویستە بزانین پاڵەوانەکان، لەژێر چ جۆرە کاریگەرێتی و هاندەرێکدا بەوکارە هەڵدەستن و بۆمان دەرکەوێت چ جۆرە ئاکامێکی هەیە، چاک یان خراپ.

وەڵامی ڕەخنەکانی دیکە لەسەر ڕوونکردنەوەی شێوازی دەقی شیعر دەدەینەوە. لە بەکارهێنانی ئەو وشانەی باونین، هۆمیرۆس چارەسەری گرفتێکی کردوە و لە جێگەی هێستر وشەی پاسەوانی داناوە. هەروەها مەبەستی لە دەموچاوی شێواوی دۆلۆن، ناشرینی دۆلۆنە، چونکە بە جوانی وەسفی کریتانس دەکات.

مەبەستی لە تێکەڵکردن و گرانکردنی شەرابەکە خواردنەوەی خێرایە. زۆر شتی دیکەشی بە میتافۆر ڕازاندۆتەوە. ئەو دەڵێت، 'خواکان و مرۆڤەکان بە شەو خەوتن'. یان ' کاتێک ڕوانییە دەشتی تراجۆن... دەنگی شمشاڵ و نەی'. ئەمانە بۆ گەلێک شت دانراون. هەروەها دەڵێت، 'بە تەنیا و کەسی لەگەڵدا نیە'. مەبەستی لە تایبەتمەندێتی ئەو شتەیە. بەو شێوەیەی هیپپیاسی تاسۆس وشەکان دەخوێنێتەوە چارەسەری کێشەکەدەکات و دەڵێت.'ئێمە سەرکەوتنمان پێبەخشی.' یان ' باراناو بەشێکی ڕزاند.'

خاڵبەندیکردن هەندێک گرفتمان بۆ چارەسەردەکات. ئیپمادۆکلیس دەنوسێت، 'کتوپڕ هەبووە براوەکان، کە لەپێشترا نەبراوە بوون و تێکەڵکراوەکان، کە لەپێشترا جیاجیابوون، هاتنە دنیاوە.' ئەو وشانەی ئاڵۆزن، وەکو لەم نموونەیەدا 'زۆربەی شەو تێپەڕیوە'. 'زۆربە' وشەیەکی ئاڵۆزە.

هەندێک گرفتی دیکە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە چارەسەریان دەکەین. بە شەراب و ئاو دەڵێین شەرابی ڕوون، هۆمیرۆس، بەهەمان شێوە باسی(گانیمید) ئەو ساقییە دەکات شەراب بۆ زیۆس دەگێڕێت، هەرچەندە دەزانین خواکان شەراب ناخۆنەوە (ئەمە وەکو میتافۆر بەکارهاتوە.)

ئەگەر وشەیەک ناکۆکی لە واتادا دەربخات، پێویستە هەوڵبدەین لە چەند لایەنێکەوە لە واتاکەی تێبگەین و بە بەستێنەکەوە گرێیبدەین. بۆ نموونە، 'ڕمەکە برۆنزەکەی بڕی و وەستا.' بە چەند ڕێگا دەتوانین لە واتای(وەستا) بکۆڵینەوە؟ ئەمە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (گلاوکۆن) ە، کە دەڵێت، 'هەندێک پێش بە ئاکام گەیشتن پەنا بۆ بۆچوونی نابەجێ دەبەن. لەوێوە دەیانەوێت بە ئاکامەکە بگەن. ئەگەر بیروڕای شاعیرەکە لەگەڵ ئاکامەکەیان

ڕێنەکەوێت ڕەخنەی لێدەگرن.' بەم شێوەیە ڕەخنەیان لە کێشەکەی ئیکرایۆس لە شیعرەکەی هۆمیرۆسدا گرتووۆ. ئیکراتۆس بە هاوولاتی سپارتا دادەنێن و کەچی تیلەماخۆس، کەچوو بۆ سپارتا ئیکرایۆسی نەبینی. لەوانەیە سیفەلینەنسیەکان ڕاست بۆی بچن، کە دەڵێن ئۆدیسۆس، لەنێو ئەواندا ژنی خواستوە و ناوی باوکیشی ئیکەدیۆس، نەک ئیکرایۆس بوە. ئەم کێشانە پەیوەندییان بەتێگەیشتنەوە هەیە.

بەگشتی، ڕەواپێدان بە ڕووداوە نەگونجاوەکان لە شیعردا بۆ پێویستی و کاریگەریتی شیعرەکە دەگەڕێنەوە. بۆ دەربڕینی مەبەستی شیعرەکە دانانی ڕووداوێکی نەگونجاو ڕەوایە. ئەمەش بەو شێوەیە نیە، کە زیۆکس لە تابلۆکانیدا دەریخستون.

پێویستە شاعیر شێوازی هۆنینەوەکەی بەرەوپێشەوە بەرێت.(27) پێویستە شاعیر بیسەلمێنێت، ئەوەی نەگونجاوە پەیوەندی بە بۆچوونی خۆیەوە هەیە، یان کاتێک دێت ئەو شتە نەگونجاوە تیایدا ڕوودەدات و دەبێت بەگونجاو. ئەو کەسەی ناکۆکی لەنێو زمانی

---

(27) ئێمە دڵنیانین ئەم دێرە ئەریستۆ دایناببێت، لە هەندێک وەرگێڕاندا ئەم دێڕە دانراوە. (وەرگێڕ)

شاعیردا دەدۆزێتەوە، پێویستە بەو جۆرەی بەرانبەری، لەگەڵ سەلماندن ڕادەوەستێت و ئاکامەکەی هەڵدەسەنگێنێت، مامەڵەی لەگەڵدا بکات. پێش حوکمدان بەسەریا دەبێت بزانێت شاعیر چۆن و لەسەر چ پەیوەندییەک و بۆ چ مەبەستێک ئەو زمانەی بەکارهێناوە. ئەگەر شاعیر بەبێ مەبەست شتیکی نەگونجاوی بەکارهێنابێت و پێویستی پێی نەبووبێت (وەکو چۆن یوریپدس ئەیگێۆس و میلینیۆس لە ئۆریستۆسدا باسی خراپەی کردووە) لێی نابورین.

ڕەخنەکان، بەتێکڕا، لە پێنج خاڵدا کۆدەبنەوە؛ گوایە شاعیرەکان نەگونجاو، لە هۆش بەدەر، زیانبەخش، ناکۆک و تەکنیکی ناڕاست لە شیعرەکانیاندا بەکاردەهێنن.

ئێمەش بە دوانزە خاڵ وەڵامی ڕەخنەکانیان دەدەینەوە.

26. هەندێک ئەو پرسیارەمان لێدەکەن، کە ئایا شیعری قارەمانێتی و تراجیدیا فۆرمێکی بەرزی لاسایی کردنەوەیە؟

ئەگەر ئەو هونەرە جوان و بەرزبێت، کە سادە و بازاڕیی نیە، ئەوا هەمان کات بۆمان دەردەکەوێت هونەری سادە و بازاڕیی ئەوەیە، کە

زۆربەی جەماوەر چێژی لێوەردەگرێت. هونەری جوان و بەرزیش خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە. گوایە خوێنەر لە واتای شیعرەکە تێناگات تاکو خۆی زۆرتری نەخاتەسەر. ئەمەش گۆڕانکاری بەردەوام لە نواندنەکەدا دروست دەکات. تراجیدیا بەم شێوەیەیە. ئەکتەرە کۆنەکانیش هەمان بیروڕایان بەرانبەر ئەکتەرە نوێکان هەبوو. مینیسکۆس بە کالیپیدیسی دەگوت (مەیمون) چونکە لە نواندندا زیادەڕۆیی دەکرد. پیندارۆسیش هەمان بۆچوونی هەبوو.(28) پەیوەندی نێوان شیعری قارەمانێتی و تراجیدیا، وەکو پەیوەندی نێوان ئەکتەری کۆن و نوێیە. یەکەمیان خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە و پێویستی بە نواندن نیە، دووەمیان جەماوەرێکی سادە لە خۆی کۆدەکاتەوە. کەوابوو، تراجیدیا هونەرێکی سادە و بازاڕییە و لەشیعری قارەمانێتیش نزمترە.

---

(28) مینیسکۆس یەکێکە لەو ئەکتەرە چاکانەی لە شانۆگەرییەکانی ئەسخیلۆس ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، لە ساڵی 422 پ ز خەڵاتی چاکترین ئەکتەری پێدراوە. هەروەها کالیپیدیس لە ساڵی 418 پ ز خەڵاتی چاکترین ئەکتەری وەرگرتوە، بەڵام سەبارەت پیندارۆس زۆرشت نازانین.(وەرگێڕ)

لەپێش هەموو شتێکا ئەمە ڕەخنەگرتنە لە نواندن نەک هونەری هۆنینەوە، چونکە لە گێڕانەوەشدا دەتوانین بە جوڵەی دەم و چاومان زیادەڕۆیی بکەین. سۆسیستراتۆس و مانسیتیۆسی ئۆپوس لە گۆرانی گوتندا ئەم کارەیان دەکرد. هەروەها نابێت ڕەخنە لە هەموو لەش جوڵانێک بگرین. ڕەخنە لەو جوڵانانە پێویستە، کە کەسانی نەشارەزا دەینوێنن. ئەمەش ڕەخنەگرتنە لە بۆچوونەکەی کالیپپیدیس و ئەوانەی لەو باوەڕەدان، کە نواندنی ڕۆڵی ژن کاریکی پڕ ڕێز نیە. لە لایەکی دیکەوە، تراجیدیا، وەکو شیعری قارەمانێتی دەتوانێت بەبێ نواندن کاریگەرێتی خۆی بهێنێتەکایەوە. تەنانەت بە خوێندنەوەی شانۆگەرییەک جوانی و بەرزی[بەرهەمەکەمان] دەردەکەوێت.

پێویستە بزانین، کە تراجیدیا هەموو خەسڵەتەکانی شیعری قارەمانێتی تێدایە. لەسەرو ئەم خەسڵەتانەشەوە دیمەن و مۆسیقای لەگەڵدا تێهەڵکێش کراوە، کە خۆشتری دەکات. ڕاستەقینەی پێشکەش کردنەکەشی چ لە خوێندنەوە یان نواندندا بەرجەستە دەبێت.

تراجیدیا درێژخایەن نیە و زوو کۆتایی دێت. ئەمەش لە خۆیدا

کارێکی چاکە چونکە پێویستی بە بیرکردنەوەی چڕ نەک پەرش و بڵاو هەیە. تۆ بیر لە ئۆدیبی سۆفۆکلیس و ژمارەی دێرەکانی ئیلیاد بکەوە. لە شیعری قارەمانێتیدا کەمتر یەکێتی نێوان[بیرکردنەوە و ڕووداوەکان]دەبینین.

لە شیعرێکی قارەمانێتیدا چەند تراجیدیایەک دەهۆنینەوە. هەرچەندە یەکێتی لە هەردوو بەرهەمەکەی هۆمیرۆسدا، ئیلیاد و ئۆدیسە، دەدۆزێتەوە، بەڵام چەند تراجیدیایەکیان تێدایە، کە هەر یەکێک لەو تراجیدیایانە بەتەنیا دەبێت بە بەشێکی جیاواز و ڕووداوێکی سەربەخۆ.

لەبەرئەمە، مادامەکی کارێگەرێتی تراجیدیا گەورەترە و زۆرتر چێژی لێوەردەگیرێت، ئەوا لە شیعری قارەمانێتی چاکترە و فۆرمێکی بەرز و جوانی هونەرە.

لێرەدا کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر تراجیدیا و شیعری قارەمانێتی و بەشەکانیان و جۆرەکانیان؛ هۆی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیان؛ ڕەخنەکان و وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان دەهێنین.